

دۆسیەی ژمارە: سەبارەت بە هەژاری و بێ مووچەیی و ئایندەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان دیمانە لەگەڵ بەڕێز نەجمەدین فارس ... لاپەرە 12



سەبارەت بە چارەنووسی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لەنێوان پەتای کۆرۆنا و دەزگا بەرپرسەکاندا، گفتوگۆ لەگەڵ سالار سۆفی وەرگێڕ و وانەبێژی زانکۆ لە فینلاند...لاپەرە 13


# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی چوارەم ژمارە(89) بەرواری 15-12-2020 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (1)و (15) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


# دامەزراندنی دەسەڵاتداریێتی ئازادانەی لەخوارەوەی جەماوەری ئەڵتەرناتیفی دەسەڵاتداریێتی بۆرژوازییە!



لەسەرەتای ئەم مانگەوە و شەپۆلێکی تری خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری بێبەش لە شاری سلێمانیەوە دەستی پێکرد، و زوربەی هەرەزۆری شاروشارۆچکەکانی زۆنی سەوزی گرتۆتەوەو زۆنی زەردیش لە کولاندایە.

ریشەی ئەم خۆپیشاندان و نارەزیەتییە جەماوەرییە لە قلشتی قوڵی چینایەتی واقعیەتی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستاندایە و دەتوانین بڵێین برگەیەکی تر لە نارەزایەتی فراوانی جەماوەرییە لە دەورەی دوای شکستی داعش و هاوکاتیش درێژکراوەی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی پێشوترە، بەدیاریکراوی درێژکراوەی شوباتی ١٧ ٢٠١١ و خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەی هەولێر و بادینانە.

نابەرابەری بێسنور، بێ موچەیی و بێکاری، گرانی و نەبوونی خزمەتگوزارییەکان و دارمانی کەرتی تەندروستی و پەروەردە راگرتنی فەرمانبەران و بۆ لاپەڕە 2

## لێدوان و تۆمەتە پوچەکان!



عەبدوڵا مەحمود

لەگەڵ دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکانی ئەم دوایەدا، چەندین لێدوان لەلایەن بەرپرسانی دەسەڵاتی حزبی و کرێگرتەکانیان دراون کە بەراستی هەر شایستەی ئەو دەسەڵاتەن.

دەڵێن ئەو خۆپیشاندانانە، دەستی دەرەکی لە پشتە. دەڵێن دەستی رەشی ئەم لاو لا هاتۆتە ناو خۆپیشاندەران، دەڵێن پەکەکەو ئێران و حەشدی شەعبی هانیان داون. دەڵێن ئەوانەی خۆپیێشاندان دەکەن، خەڵکی دەرەوەی کوردستانن. دەڵێن خۆپیشاندان لە دژی قەوارەی هەرێمە. دەڵێن ئیمەش لەگەڵ خۆپیشاندانین و لە بەرەی گەلین....تاد.

بۆ لاپەڕە 4

## بزووتنەوەی نان و مووچە



خەسرەو بۆکانی

دە رۆژ بەسەر دەستپێکی دەوری نوێی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان تێپەردەبێت. ئەم قۆناغە لە نارەزایەتییەکان کە لە رۆژی چوارشەممە ١٢ی سەرماوەز لە شاری سلێمانییەوە لەژێرناوی "داخوازی بۆ نان و مووچە" دەستی پێکردووە بە خێرای شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە. دەستپێکی ئەم نارەزایەتییانە لەسەر بانگەوازی کۆمەڵێک لە چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی مافخوازانە بەتایبەت مووچەخۆرانی سلێمانی بەمەبەستی بەرێوەچوونی رێپێوان و هێنانە گۆری داخوازییەکانیان هاتووەتە ئاراوە کە لە یەکەم هەنگاو، لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بەرەو بۆ لاپەڕە 5





## لێدوانی مەلا بەختیار بە سڕ کراوی...!ل3



## ناردنی نەوت و موچە، گەمەی تۆم و جێری..ل3



## تابلۆی رقی پیرۆز...ل6



## هیچ کات وەک ئێستا پێویستیمان بە هاوکاری یەکتر نییە...ل6



## چارەسەر تەنها هاوخەباتییە بۆ ئیدارەدانی شورایی...ل 10



## پرسی ژن

ل 7

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

ل 8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

موچەخۆران بەدیار ناردن و نەناردنی پارەی بەغدا و لەچاوەڕوان ڕاگرتنیان. کردنیان بە یاری نێوان ململانێی هەولێر و بەغدا و دیار نەبوونی هیچ ئاینیدیەکیش بۆ زامن بوونی موچە و چارەسەری ئەو کیشانە، لەپاڵ دزی و تالانیەکی ئاشکرای مافیاکانی سەر بە حزبەکانی دەسەلات، ئەو هۆکارانەن کە وای کرد جاریکی تر موچەخۆران و جەماوەری بێبەشی کوردستان، بە ناچاری و بۆ بەرگری لەو ژیانە مەمرەو مەژیەی هەیانە، بێنەوە سەر شەقام و یەخەی دەسەلات بگرن.

تەقەلای جەماوەری نارازی، تەقەلایەکی بەرگریکارانەیە لەبەرامبەر بەهێرشی سیستماتیکی دەسەلاتی سیاسی بۆ سەر سفرە و قوتی خۆیان و خێزانەکانیان. بی دەربەستی و بی وەڵامی دەسەلات و هاوکات دەستبردنی دەسەلات و بۆ توندوتیژی و تۆمەت بەخشینەوە و تاوانبارکردنیان بە خزمەت بەلایەن و دەستی دەرەکی!!، لەبەرامبەر داخوازی موچە و هەلی کار و خزمەتگوزارییەکان، هۆکارن بۆ کاردانەوەی خەلکی نارازی کە لەلایەکەوە ئاستی داخوازییەکان ببەنەسەرەوەو لەلایەکی تریشەوە هێرش بکەنە سەر بارەگا و مقەری حزبەکان. دیارە بەو هۆیەوە کە دەسەلاتی سیاسی تا ئێستا گوێی لە خواستی هاولاتیان نەگرتووەو درۆی چاکسازیشی دەرکەوتووە، جەماوەری بێبەشی کوردستان، بڕوایان بە دەسەلات و بەلێنەکانی نەماوە، خواستی موچە و خزمەتگوزارییەکان جێگای خۆی داوە بە خواستی ڕامالینی دەسەلات و لەو ئاقارەشدا، ڕامالینی بارەگاو سمبولەکانی ئەو دەسەلاتە.

دیارە پەلاماری جەماوەری و هەولدان بۆ کۆنترۆلکردنی بارەگا حزبییەکان، نیشانەی پێشی چوونە هوشیاری جەماوەرییە و پەی بردنە بەو ڕاستیەی کەکۆمەلگەی کوردستان پاوانی حزب و دەسەلاتی حزبی و هێزە میلیشیایەکانیەتی کە لە ڕێگایەوە دەستیان بەسەر سامان و داهاتی کۆمەلگەو قوتی هاولاتیاندا گرتووە.

بەرجەستە بوونی دەسەلاتی سیاسی لە حزب و هێزی حزبیدا، لە جێگای بەرجەستەبوونی دەسەلاتی سیاسی لە حکومەتدا، یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەلگەی کوردستان و هاوکات یەکێک لەبنەرەترین خالی جیاکەرەوەیەتی لەگەل هەر ولات و دەولەتێکی بە فەرمی ناسراوی نیو دەولەتی و خاوەن قەوارەی حقوقیدا. هەر ئەو تایبەتمەندیەشە وای کردوە، کە حکومەت بکاتە دیکۆرێکی نەشاز و هیچ کارە و حزبیش بکاتە هەمەکارە.

هەر ئەو واقیعیەتەشە، کە هەلپێچان و ڕوخاندنی حکومەت و پەرلەمان، هیچ لە دۆخی سیاسی ناوخۆی کوردستان ناگۆڕێت. حکومەت هەبێت یان نەبێت، حزبی خاوەن دەسەلات هەمە کارەیە، بۆیە هەلپچان و ڕامالینی دەسەلاتی سیاسی ڕاستەوخۆ بە ڕامالینی دەسەلاتی حزبی دیت کە بارەگاکانی ڕەمزی قێزەونی ئەو دەسەلاتە نیشان دەدەن. بەلام ئەمە ئەرکی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و حزب و هێزە سیاسیەکانی نەیاری دەسەلات و بزوتنەوەی سەرنگوم کردن قورس و سەختر دەکات. لەهەر کۆمەلگە و ولاتیکدا ئەگەر دەسەلاتی سیاسی لە حکومەتدا بەرجەستە بێت، بەروخاندنی حکومەت دەسەلاتی سیاسی لەو ولاتەدا بەتەواوی دەکەوێت و حزبە سیاسییەکەش کەنار دەخرێت. لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا چونکە دەسەلاتی سیاسی لە دەسەلاتی حزبدا بەرجەستەیە لە جێگای حکومەت، دەبێ دەسەلاتی سیاسی حزبی ڕابمالرێت، ئەمەش بەمانای ئەوە دیت کە لەهەر جێگایەک و لەهەر گەرەک و شارو شارۆچکەیەک کە دەسەلات نابوت دەکرێت و بارەگاکان و هێزەکانی ڕادەمالرێن یان ناچار بە پاشەکشە دەکرێن، ئەگەر ڕاستەوخۆ هێزی سیاسی، یان جەماوەری تر جێگەی نەگرێتەوە و توانای بەرگریکردنی جەماوەری و چەکداری نەبێت، بە شوێنیک ناگات و حزبی دەسەلات، بە پشت بەستن بە هێزی چەکدار و داهاتیک کە دەستی بەسەردا گرتووە، دەگەڕیتەوە... پرسی ڕامالینی دەسەلاتی حزبی، دەبێت هاوکات بێت بەجیگرتنەوەی بەدەسەلاتێکی تر کە پشتیوانی جەماوەری و توانای بەرگری کردنی لەخۆی هەبێت. هەروەها ئەم ڕامالینە دەبی پرۆسیسێکی بەردەوام بێت، تا بەتەواوەتی هاوسەنگی هێز دەگۆڕێت بە سودی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەلگە، چونکە بە دەرکردنی حزبەکان لەچەند شارو شارۆچکەیەکیش دیسان دەگەڕینەوە شوێنی خاوەن پێگەی خۆیان و خۆیان سازدەدەنەوە، بۆیە پیویستە پرۆسیسی ڕامالین بە نەخشە بێت و بەردەوام بێت و تا ناچار بە پاشەکشەی یەکجاری دەکرێن و دەست لەدەسەلات بەردەدەن. دیارە ئەمە بۆ هەردوو دەسەلات و بۆ هەردوو زۆنەکە واقیعیەتە... بەلام بێگومان ڕامالینی دەسەلات لەهەرکام لە زۆنەکاندا، کاریگەری یەکجار زۆری لەسەر زۆنەکەی تر چ لەسەر خەلکی تورەو چ لەسەر دەسەلاتی سیاسی دەبێت. ئەگەر خەلک هەموو دەسەلاتی زۆنی سەوز ڕابمالیت، هێشتا کار تەواو نابێت لەهەرێم، چونکە زۆنی زەردیش هەیە کە ئەویش دەبی بەهێزی جەماوەری برسیەکان و ئازادیخوازەکان ڕابمالرێت، بەجیا لەوانەش دەستێوەردانی عیراق، ئیران، تورکیا، نابی نادیدە بگیریت، کە چ ناڕاستەوخۆ یان ڕاستەوخۆ لە پیناو بەرژەوەندیەکانیاندا، هەمیشە ئامادەیان هەیە...

لەهەموو هاتنە مەیدانیکی جەماوەری خۆرسک و ناڕاستەکراودا، واتە هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتیەک بۆ ڕامالینی دەسەلات، ئەگەر حزبی سیاسی بەهێزو بەنەخشە و بە ئامادەیی ڕابەری و کاراکتەرەکانی حزوری نەبێت، دیاردەی سوتاندن، تالانی، ڕفاندن، چونە سەرمالان، شیواوی، تەنانەت کوشتنی بێ دادگایی و لێپرسینەوە، خۆیان نیشان دەدەن و ڕوو دەدەن، هاوکاتیش خەلکی خۆپیشاندەر دەزانن کە دەبێ چ بڕوات، بەلام هێشتا نازانن دەبێ چ جێگای بگریتەوە و ئەو سیستەمەی دەبێ جێگەی بگرێتەوە چ سیستەمیک و بێت و هەلگری وەلام بەکام لە گرفتە بناغەیەکانی کۆمەلگە لەناو دەیان گرفتی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیدا بێت.

هەر ئەم دۆخەشە وا دەکات، هەموو حزب و لایەنێکی سیاسی بە ناوی "خەلک" و "بەرژەوەندیەکانی خەلک" بێتە ناو خۆپیشاندانەکان و هەولی خۆ هەلواسین بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بدات و سوای خواستەکانی بێت بۆ ئامانجی تر و مەبەستی تر. ڕاستە خەلک بە شێوەی گشتی داوای نان و ئازادی و خۆشگوزەرانی دەکەن، بەلام نازانن ئەمانە چۆن وەدی دێت و بەدیاریکراوی ئەلتەرناتیفی سیاسیان نادیار و ناڕوشنە، لێرەوە ڕۆلی سیاسی حزبە سیاسیەکان دەست پێدەکات، کە چ بژاردەیەکی سیاسی و چ سیستەمێکی ئەلتەرناتیف لەجێگای سیستەمی ئێستادا، دەخەنە ڕوو وە بەدەستەوە دەگرن و بانگەوازی جەماوەر دەکەن بۆ کۆبونەوە لە دەوری. لە دۆخی سیاسی ئێستای کوردستاندا، هەموو حزب و لایەنە سیاسیەکان دەسەلاتدار و ئۆپۆزیسیۆن، چەپ و ڕاست، بەو حزبانەشەوە کە خەلک بۆ ڕامالینیان هاتونە مەیدان، دەلێن لەگەل خەلکین!! لەگەل داخوازی جەماوەرین!!، بەمەش هیچ جیاوازیەکی بنیادی لە ڕێگای خستنە ڕووی بژاردە سیاسییەکان و ئەلتەرناتیفی دەسەلاتی داهاتوو بەشێوەی دیاریکراو" مشەخەس" دیار نییە، کە جەماوەر بتوانێت، وەکو بزوتنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسی و چینایەتی هەلیان بژێرێت و لەدەوری تەرحەکانیان کۆببێتەوە. ئەمڕۆ ڕیزی ورد و درشتی بۆرژوازی لەدەوری بانگەشەی چاکسازی!! حکومەتی تەکنۆکرات، هەلبژاردنی بی تەزویر، پێکهێنانی حکومەتی کاتی، یان حکومەتی ڕزگاری نیشتیمانی... تەوەریان بەستووە و ئەلتەرناتیفێکی جیاوازیان لە هی دەسەلاتی سیاسی پارتی و یەکێتی و گۆران زیاتر لا نییە و ناشتوانرێت لایان بێت، هەموو بزوتنەوە سیاسیی کۆمەلایەتیە بۆرژوازییەکان، لەپێناو حکومەتێکی تر بە هەمان بنیادەکانی وەکو هەلبژاردن، پێکهێنانەوەی حکومەت و پەرلەمان، بەشداری یان هەلویستە لە دۆخی ئێستا دەگرن، واتە ڕەوتە بۆرژوازییەکان کیشەیان لەگەل ئەدای حکومەت و پەرلەمانە، و ڕەخنەیان لە بنیادی سیستەمی سیاسی و چینایەتی ئەم ئەلگۆیەی دەسەلاتی بۆرژوازی نییە، لە کاتیکدا مەسەلەی سەرەکی بۆ جەماوەر و چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەلگە، و حزب و ڕەوتی چەپ و کۆمۆنیزم بەتەواوەتی جیایە و ڕەتکردنەوەی ئەلگۆ و بنیادی سیستەمی سیاسی و ڕوبینای دەسەلاتداریتی ئیستای بۆرژوازییە.

ئەوەی کە لە ئێستادا یەکجار پێویستە و دواخستن هەلناگریت، خستنەڕووی ڕوشنی ئەلتەرناتیفی سۆشیالیستییە لە ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی و پراکتیکیدا، چ بۆ جیگرتنەوەی دەسەلاتی سیاسی بۆرژازی بەگشتی و چ بۆ ئەو شوێنانەی ئێستا لە بارەگاو دەسەلاتی حزبی پاککراونەتەوە. هاوکات پیادەکردنی ئەلگۆ دەسەلاتداریتیەکی جیاوازی جەماوەرییە بۆ ئەو شوێنانەی هەر ئێستا هاوسەنگ هێز ڕێگا دەدات... هەر ئەمەش دەتوانێت ڕۆلی چەپ و کۆمۆنیزم لە ململانێی ئێستادا بخاتە ڕوو وە ببێتە زەمانەتیکیش بۆ کۆکردنەوەی جەماوەر لەدەوری بەدیلی سۆشیالیستی و لەئاستی کۆمەلایەتیدا. خستنەڕووی ئەلگۆی دەسەلاتداریتی پشت بەستوی جەماوەری لە ڕێگای هەلبژاردنی نوێنەرانی ڕاستەخۆی جەماوەری لە گەرەکیک، کارگەیەک، شارۆچکەو شاریک، و بەرزکردنەوەی ئالایەکی تر لەسەر بنکەی شورایی هەر شوینیکدا، شانسی بلاوبوونەوە و بەرین بوونەوەی لەهەموو کوردستاندا بۆ دەرەخسێت... ئیرادە گیرانەوە بۆ چینی کریکار و بێبەشان تەنها لە لە پرۆسیسی بەشداری دەسەلاتداریتیدا بەرجەستە دەبێت و تواناییەکانی خۆی دەبینێت. ئەلتەرناتیفی هەموو حزب و لایەنە بۆرژوازییەکان، ڕۆشن و دیارە کە سیستەمی پەرلەمانی شکسخواردووە و ئەم دۆخەی ئێستا ڕاستەوخۆ دەرهاویشەی ئەو سیستەم و نەریتەی دەسەلاتداریتی بۆرژوازییە کە جەماوەر بۆ ڕامالینی هاتوونەتە مەیدان. لەسەر پایەی ویرانە و شکستی ئەم دەسەلات و ئەلگۆ بۆرژوازییە، زەمینەی دەسەلاتداریتیەکی ترو ئەلگۆ و نەریتیکی تری بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی و چینایەتی تر ئامادەیە... ئەگەر شانسیک بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیزم، هەبێت، لە گرەوی بەشداری چالاکانەی ئەو دایە لە هەلومەرجی هەلسانی جەماوەری ئیستادا بەدژی دەسەلاتی بۆرژوازی...

**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢٠**

**دەبێ دەست بەجێ و بێقەید و شەرت زیندانیکراوەکان، دەستبەسەرکراوەکان، ڕفێنراوەکان، ئازاد بکرێن!**

# لێدوانی مەلا بەختیار بە سڕ کراوی!

مەلا بەختیار، ئەندامی ئەنجومەنی بالاّو بەرژەوەندی یەکێتی، لە لێدوانێکیدا دەلّێت "یەکێتی نە تەقەی لەخەلّک کردووە نە کەسی دەستگیر کردووە"

مەلا بەختیار بەڕاستی سڕکراوە، بەلاّم سڕکردنی ڕیکخراوەیی چەند مانگەی دەستی کوڕانی بنەمالّە نا، بەلّکو خۆی و زوربەی کارەکتەرە سیاسییەکانی رابردوی یەکێتی، لە پرۆسیسیکی مەودا درێژدا کە بەنەخۆش کەوتنی تالّەبانی دەست پێدەکات، تا کۆنگرەی سێ، بەکردەوە سڕکران و لە ناوەندی بڕیارەوە کران بە راوێژکاری ریش سپی!!.

هەر ئەو سڕ بوونەیە کە ڕیگە بە مەلا بەختیار نادات، راستی توندوتیژی هێزەکانی ژێر دەسەلاّتی یەکێتی ببینێت، کە لە خۆپیشاندانەکاندا دەرهەق بە خەلّکی برسیکراو موچە بڕدارو لاوانی بێکار، موچەخۆران و ڕۆژنامەنووسان، دەکرێت...

مەلا بەختیار بەو لێدوانەی دەیەوێت بلّێت، ئەوە هێزەکانی حکومەتن کە تەقە دەکەن، و ئین ئارتی دادەخەن و هێرش دەکەنە سەر رابەرانی خۆپیشاندەرەکان و رۆژنامەنووسان، نەک یەکێتی. دەیەوێت بلّێت ئەوە هێزەکانی پارێزگاری بارەگاکانی پارتین تەقە دەکەن، نەک یەکێتی... دیارە وەکو دەلّێن عوزر لە قەباعەت خراپترە، خۆ ئەگەر بەراستی ئەو قسەی مەلا بەختیار وابێت، ئەو کاتە دەبێ بپرسین یەکێتی چ کارەیە؟ ئەوە لە کاتێکدایە مەلا بەختیار باش دەزانێت، هەرچی رووبدات لە سنوری زۆنی سەوزدا و هەر کەس و لایەنێکیش ئەنجامی بدات یەکێتی وەکو دەسەلاّتی یەکەمی ئەو زۆنە لێی بەرپرسە، هەر وەکو چۆن هەرچی لە زۆنی زەردی ژێر سایەی پارتی رووبدات، پارتی لێی بەرپرسیارە.

بەجیا لەوانە مەلا بەختیار دەتوانێت پێمان بلّێت، ئەگەر ئەوانەی تەقەیان کردووە، کە لە ئەنجامدا تا ئێستا هەشت کەس کوژراون و بەسەدان کەس بریندار و دەستگیر کراون، کێ پێی هەلّساوە، ئاسایش و هیزەکانی یەکیتی یان لایەنی تر؟ ئەگەر ئاسایش و هێزی دەرەوەی قەلّەمرەوی یەکیتی تۆمەتبارن بە میلیتاریزەکردن، ڕشتنی گازی فرمیسک ڕێژ، دەستگیرکردن، لێدان و تەقەکردن و کوشتن و بریندارکردنی هاولاّتیانی دەست بەتالّی برسیکرا و بی موچە، ئەو کاتە رۆلّی یەکێتی لەو زۆنەدا چییە و بۆچی بێدەسەلاّتی خۆی راناگەیەنێت؟ دیارە هەموو کەس دەزانێت، لەوانەش مەلا بەختیار ئەوەی لە زۆنی سەوزدا ئاسایش و سەر بەدەزگای دژە تیرۆر و هەوالّگری و تەنانەت پۆلیسیشە، سەر بە یەکێتی نیشتیمانین و بەرپرسیاریەتی سەرەکی هەموو قوربانیەکانی خۆپیشاندانەکان، تا دەگات دابینکردنی موچەو خزمەتگوزارییەکان لە سنوری زۆنی سەوزدا یەکێتی بە پلەی یەکەم پاشان حزبی گۆران لێی بەرپرسە...

ئەو لێدوانانەی مەلا بەختیار، بەهیچ جۆریک ئەو و هاوڕێکانی ناگێرێتەوە بۆ بەر لە سڕکردنی سیاسی کە کوڕانی بنەمالّەی تالّەبانی و ئامۆزاکان، بە نەخشەوە بۆ دەست بەسەراگرتنی یەکێتی ئەنجامیان داوە، هاوکاتیش ئەو لێدوانەی مەلا بەختیار پێچەوانەی ئەو بەلّێنانەیە کە لەچەندین دیداردا پێداگری لەسەر مافی خۆپێشاندان و ئازادییەکان دەکات و فرمیسک بۆ داخوازی هاولاّتیان هەلّدەوەرێنێت.

**عەبدولاّ مەحمود**

# ناردنی نەوت و موچە، گەمەی تۆم و جێری..

## جەمال نوری

دوای ئەوەی حوکمەتی هەرێمی کوردستان دەستی بەناردنی نەوت کرد لەڕێگای بۆریەوە بەخاکی تورکیا بۆ بەندەرەکانی جیهان، ئیدی لەوڕۆژەوە سەرانی هەرێم و بەتایبەت خاوەن مەلەفی نەوت، بەبێ گەڕانەوەی بۆ ڕەئی خەلّکی کوردستان و لایەن و کەسایەتی ئەکادیمی و پسپۆرو شارەزایانی بواری جیۆلۆجی و ئابوری و دارایی کەوتە دوای عەقلّی تاکە شەخسێکی مشەخۆری حازر بەدەستی وەک ئاشتی هەورامی و ئەویش، وەک دەلاّلّی کابرایەکی پاکستانی نەوتی هەرێمی کوردستانیان هەڕاج فرۆشکرد و عەقدی پەنجا سالّەی نەوتیان لەگەلّ تورکیادا ئیمزاکرد، دنیا هاتە دەنگ و شارەزایانی ئەو بوارە هات وهاواری ئەوەیان بوو کە هەرێمی کوردستان ئینتحاری هەلّبژاردوە لەم گەمە ئابوریە زەبەلاحەدا، باشتر وایە بگەڕێتەوە بۆ ڕەئی خەلّکی، بەلاّم ئەوان هەر نەبایان دیبێ نەبۆران ئەم خەلّکەیان بە نەزان و نەفام دەزانی و بەنێوی ئاسایشی نەتەوەییەوە وەلاّمی ئەو خەلّکە شارەزاو نیشتمانپەروەرانەیان دەدایەوە تەنها بەخاتری ئەوەی ڕۆژانە ملێوانان دولار بخەنە سەرحسابی بانکیان لەدەرەوەی ولاّت و خۆیان و خێزان و بنەمالّەکانیان ژیانێکی شاهەنشایی بژین و خەلّکەکەشی ڕووت و ڕەجالّ.

ولاّتانی دنیا بەتایبەت ئەو ولاّتانەی داهاتیان لەسەر فرۆشتنی نەوتە پلانی ئابوری ولاّت دەگۆڕن و دەیانەوێ ولاّتەکەیان پشت بە نەوت نەبەستێ چون نەوت لەهەلّبەزین ودابەزین دایە و ناتوانرێ بودجەی ولاّت لەسەر ئەو یاریکردنە ئابوریە دارِێژرێ، ولاّتێکی وەک نەرویج کە خاوەنی نەوتە بەلاّم ڕێگانادەن نەوتی ژێرخاکەکەیان دەربهێنرێ و بفرۆشرێ، بەلّکو دایان ناوە بۆ پێنجسەد سالّی تر بۆ نەوەکانی داهاتویان، هەرێمی کوردستانیش لەبەرئەوەی ئەو حزبانەی کە تادوێنێ لەناو ئەسپێ و کرێشدا قێزیان لێدەکرایەوە ئەمڕۆکە دەستیان لەم سامانە گیربوو ئیتر کەوتنە دەرهێنان و بەتالاّنبردنی و فەرهودیان کرد و هەرچی کۆمپانیا هەیە وەک ئەسپێ کەوتنە هەلّمژینی سەروەت و سامانی ئەم نیشتمانەو سەرانی ناو هەرێمیش لەبەرئەوەی ژیانێکی وەهایان لەخەونیشدا بەخۆیانەوە نەبینی بوو بێ سلّمینەوە لەمێژوو و فەرهەنک و سەنگی نەتەوەیی و بەها پیرۆزیەکانی گەل، هەرچی سامانی ئەم نیشتمانە هەبوو تالاّنیان کرد، عێراقیش لەدوای قوتاربوونی لەدەست شەڕی داعش کەوتەوە وێزەی هەرێم و داوای هەرچی داهات و فرۆشی نەوتەکە هەبوو لێیان، لەم نێوەندەشدا خەلّکی هەرێم و موچەخۆرەکانی بوونە سووتەمەنی ئەم یاریە ی نێوان هەرێم و بەغداد.

هەرێمی کوردستان کاتێک دێتە سەر ئەوەی فشارەکان زۆری بۆ دێنن هانادەباتەوە بەر ئەوەی لەڕێگەی دانوستاندن لەگەلّ بەغداد بکەونە گفتوگۆ، لەو دانیشتانەشدا هەموو جارێ ئامادەگی هەیە بەناردنی بڕێک لەفرۆشی نەوتەکەی بە بەغدادو دوای ڕێکەوتنەکەش یەک قەترە چییە لەنەوت و داهات نانێرێ بۆ بەغداد، هەموو جارێک یاری تۆم و جیری لەگەلّ یەکدا دەکەن، ئەمجارەیان پێدەچێ عێراق دوا یاری لەگەلّ هەرێمدا بکات و کۆتایی بەم چاو و ڕاوە بهێنێ، چون ئەزمونێکی هەیە لەگەلّ ناردن و نەناردنی نەوتی هەرێمدا و هەرجارەو ئەنجام دێتە سەر ڕێکەوتن هەرێم دەلێ ئەوە عێراقە پابەند نابووە بەبەلّێنەکانی و عێراقیش دەلّێ ئەوە هەرێم لەوەتەی نەوت هەناردە دەکات داهاتەکەی نەگەڕادۆتەوە بۆ بەغداد، کاتییک خەریکە یاریەکەیان لێ تێک بچێ دەلێن با لەسەری سالاّنەوە دەست پێ بکەنەوە.

ئەمە یادەوەری سالاّنی سەرەتایی خستمەوە یاد لەپۆلی دووی سەرەتای لەقوتابخانەی خالیدەی سەرەتای سلێمانی مامۆستای بیرکاریمان ناوی مامۆستا تایەر بوو، هەر تەلّەبەیەک بیرکاری نەزانیایە بەڕاستە دەکەوتە لێدانی تەلّەبەکە لەدەستە پەنجەی و دەیژمارد دەبوو تا دە ڕاستەی لێ بدایە، ماۆستا تایەر دەیژمارد کەدەگەیشتە حەوت دەیووت ئەوە پێێنج قوتابیەکەش هاواری لێهەلّ دەستا ئەیووت وەلاّ مامۆستا ئەوە حەوت؟ تایەرە فەنیش دەیووت مادام لێمان تێک چوو لەسەری سالاّنەوە دەست پێ ئەکەینەوە، ئەمێستاش دانوستاندنی هەرێم و بەغداد ڕۆژەکانی کەدەڕوات لەسەر حسابی خەلّکی ڕەش و ڕووت و موچەخۆری گەلەکەمان دەکەوێ و ڕۆژێکی برسێتی و نەبوونی بە سالّێک لێیان دەڕوا.

**جەمال نوری**

**بۆپێشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سازشهەلّنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری ڕۆشنکەرەوەی ڕەوتی خەباتی ڕەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکالّ و ئینسانییەکان، لەمەیدان دایە. بۆئەوەی بۆپێشەوە لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و پەیامە گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەلّگە هەیە...**

# لێدوان و تۆمەتە پوچەکان!

عەبدوڵا مەحمود

دیارە لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا، هەر خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکی جەماوەری ڕوووبدات، هەرچی حزب و لایەنی سیاسی و دەوڵەت و دەزگاکانیان هەیە لە ناوچەکە هەوڵی بەشداری و دەستێوەردان دەکەن. لەوەش زیاتر هەوڵ دەدەن ئەجندا و تەماحی سیاسی خۆیان بەسەر ویست و داخوازییەکانی جەماوەریدا بسەپێنن، ئەوەش کە وای کردووە ئاوا دەرگا بۆ دەستێوەردان لە هەرێمی کوردستاندا ئاوەڵابێت، بە دەستوەردان لە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی بەرهەقی جەماوەریش، دەسەڵاتی نۆکەر پیشەی تاڵانچی و مافیایی هەرێمە.

دەڵێن دەستی دەرەکی لە پشت تورەیی و خۆپیشاندانی جەماوەرییە، تا لەژێر ناوی بڕینی دەستی دەرەکیدا، دەستە ماندووەکان و بەرهەمهێنەرەکان و دەستی کریکاران و کارمەندان و ئازادیخوازانی ناوخۆ، ببەستن و لەڕێگای سەرکوت و داپڵۆسینەوە، رەوایەتی بە بێدەنگکردنی بدەن و خەڵتانی خوێن و سەرکوتی بکەن. لە کاتێکدا، هەموو کەسێکی ویژدان زیندو دەزانێت، خۆپیشاندان و نارەزایەتی جەماوەری کوردستان، ریشەی لە بێدادی ئابوری، لە نەبوونی موچەو دواخستنی و برسێتی و گرانی و دزی و تاڵانی و سەرکوتگەری، دەسەڵاتدایە. وە خەڵکی هوشیاری کوردستان دەزانن ئەوە حزبەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی و بەتایبەتیش حزبەکانی دەسەڵاتن، کە هیچ دەستێکی دەرەکی نییە، پەلکیشی سەر خەڵکی کوردستانیان نەکردبێت، خزمەتکاری بۆیان نەبووبێە پیشەیان و پێش لەشکریان بۆیان نەکردبن. رێگەی ئازادانەی تەراتێنی سوپاو دەزگا جاسوسیەکانیان نەدابێت و دەستیان بۆ کوشتن و رفاندنی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکان ئاوەڵا نەکردبێ، وە رێگەی کردنەوەی دەیان بنکەو بارەگای ئاشکرا و نهینیان بۆ کردونەتەوە. باسی ئێران دەکەن، مەگەر ئەو زۆنەی ئێستا خۆپێشاندانی جەماوەری تیادا دەکرێت، زۆنی سەوز نەک دەستێوەردانی ئیران لەباری سیاسییەوە، بەڵکو دەستێوەردان لەتەلارێ رێکخراوەیی حزبە دەسەڵات بەدەستەکانیدا، واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگر نییە... دەستێوردانی ئێران هێندە رۆشنە کە کاریگەری سەرەکی لەسەر بڕیاری سیاسی ئەو حزبانەدا هەیە. ئەگەر بڕیار بێت ئیران دەستێوەردانێک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا بکات، چاوساغەکەی دەسەڵاتی زۆنی سەوزە، نە جەماوەری نارازی و خۆپیشاندەران. خۆ ئەگەر لە زۆنی زەردیشدا دەستێوەدانی دەرەکی بکرێت کە زۆرتر زۆن و ژینگەی دەستیوردانی تورکیایە، ئەوا پارتی چاوساغی بۆ دەکات، نەک موچەخۆران و خەڵکی برسیکراو تێکۆشەر. رێکان بارزانی دەڵێت: دەستی رەشی ئەم لاو لا هاتۆتە ناوخۆپیشاندەران، دەبێ بپرسین ئەو دەستە دەرەکیانە کێن و کێن ئەوانەی نزیک بە ٣٠ ساڵە ئەو دەستانە پیرۆز دەکەن و ژینگەیان بۆ ساز دەکەن؟

دەڵێن ئەوانی خۆپیشاندان دەکەن، لەدەرەوەی کوردستان هاتوون! عەجایەب. لەسەدان زیندانی و سەدان بریندار و هەشت قوربانی کە بەرهەمی توندوتیژی دەسەڵاتن، سەدان ڕاوەدوونراو هەموویان خەڵکی کوردستان و شاروشارۆچکەکانن و هەمووشیان لاو تازە لاوی برسی و دەچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن و بێکارن... سەر بە ئوردی بێبەشان و برسیەکانن، بۆیە ئەم تۆمەتانە، زۆر لەوە پوچترن بتوانێت کەس فریوبدات...

دەڵێن حەشدی شەعبی لەپشتی خۆپیشاندەرانن، ئەوە لە کاتێکدایە کە ئەوە دەسەڵاتی سیاسییە، هەموو هەوڵی ئەوەیە لەگەڵ ئەو هێزە سیاسیانە ڕی بکەوێت کە حەشدی شەعبیان سازداوە، وە ئەوە حزبەکانی دەسەڵاتن هەمیشە داوای هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی وەکو هیزێکی تایفی و کۆنەپەرست و دژە ئازادی دەکەن... حەشدی شەعبی لە چاوی خەڵکی کوردستان و هەر هێز و لایەنێکی ئازادیخوازەوە، هێزێکی میلیشاییە بێزراوە، وەکو هەموو هیزە میلیشیاییەکانی تر کە خزمەتکاری پاراستنی دزو تاڵانی ومانەوەی دەسەڵاتن... بەو تۆمەتانە توڕەیی جەماوەری زیاتر دەکەن.

دەڵێن خۆپیشاندان لەدژی قەوارەی هەرێمی کوردستانە... بیگومان قەوارەی هەریمی کوردستان وەکو ئەزموون دەسەڵاتی سیاسی، قابیلی راماڵین و داروخاندنەو هیچ پیرۆزییەکی نییە، ئەزموون و قەوارەیەک، نان و موچە و ئازادی و ماف و ئازادی و شکۆی ئینسانی تیا نەبێت، دەبێت هەرچی زووە رابماڵرێت... بەڵام هەرێمی کوردستان وەکو جغرافیایەک و شوێنی ژیانی واقعی هاوڵاتیان، خاوەنەکەی جەماوەری بەرهەمهێن و چینی کریکار و زەحمەتکێشەکانن، نەک تاڵانچیان و سەرمایەدار و بازرگانەکان. ئەوەی تا ئێستاش ئەو جغرافیایەی هێشتۆتەوە، هەر هاوڵاتیانی تەسلیم نەبوو بەدەسەڵاتی رەشی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و حکومەتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکەن... ئەوەی بەکردەوە تاڵانی داهاتەکەی دەکات، هەزران فرۆشی سامانەکەی دەکات، خوێنی هاوڵاتیانی دەمژی یان دەرێژی، نۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکەی کردۆتە پیشە، پایماڵی ئازادی و مافەکانی ئینسان دەکات، دەسەڵاتی سیاسییەو هەر ئەویش دژی قەوارەی جغرافیایی هەرێمە. بۆ پاراستنی ئەو هەرێمە و شکۆی هاوڵاتیانی دەبێ دەسەڵاتی سیاسی ئێستا، لە رەگەوە دەربکێشرێت و سیستەم و ئەزمونێکی نوێ لەلایەن خاوەنانی ئەسڵی کۆمەڵگە، چینی کریکار و بێبەشان و ئازادیخوازانیەوە، جێگەی بگرێتەوە.

مەسرور بارزانی دەڵێن ئیمە لەگەڵ داخوازی خۆپیێشاندەرانین و لەبەرەی گەلین... کەواتە دەبێ بپرسین ئەگەر وایە کێ دەستی گرتوون وەڵام بەداخوازییە رەواکانی جەماوەری برسیکراوی کوردستان بدەنەوە، کێ دەستی گرتوون خزمەتگوازرییە سەرەتاییەکان بۆ هاوڵاتیان زامن بکەن؟ کێ هانی داون شارو شارۆچکەکان لەبەرامبەر خەڵکیدا میلیتاریزە بکەن و هەڵسوراوان و بەشداربووانی خۆپیێشاندەران دەستگیر بکەن و لە کونجی زیندانیەکانیان توند بکەن... "برا گەورە" کوا ئەو هەموو بەڵێنانەی لە پیکهێنانی کابینەی نۆهەمدا راتگەیاندن؟ بۆچی دەیان زیندانی سیاسی تەنها بەهۆی بەشداری لە خۆپیشاندانەکان یان پشتگیریان لە خۆپیشاندانەکانی هەولێر و بادینان زیاتر لە ٣ مانگە لەزیندان راگیراون؟ ئەزبەنی ئێوە لەبەرەی گەل نین، ئیوە تێر و گەل برسی، ئێوە رۆژ بەرۆژ ژیان لە هاوڵاتیان و گەل تاڵتر دەکەن، رۆژ بەرۆژ سەرکوت و ترساندن زۆرتر دەکەن، رۆژ بەرۆژ مافە زۆر سەرەتاییەکانی هاولاتیان و ئازادییەکان، لەوانەش نارەزایەتیەکان و خۆپیشاندانەکان دڵرەقانەتر سەرکوت دەکەن، ئێوە لە شوێنیک و لە کەشێکی تایبەت و بەو پەری تەسەل و خۆشگوزەرانییەوە دەژین، جەماوەر و گەل!! یش، مەمرەو مەژی ژیان دەکەن. هەر ئەو جیاوازییە چینایەتیە قوڵەشە، لە نێوان ئێوەی کەمایەتی خاوەن هەموو سەروەت و سامانێک و زوربەی هەرەزۆری جەماوەری برسی و نەداردا، ریشەی خۆپیێشاندان و نارەزایەتیە جەماوەریەکانیش لەو نابەرابەرییە چینایەتیەدایە...

جەماوەری ئازادیخوازو رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوە نارەزایەتییە جەماوەریەکان، دەزانن ئەو تۆمەتانەی بەرپرسە حزبی و حکومیەکان بۆیان دەهۆنەوە، تەنها بۆ ئەوەیە رەوایەتی بە سەرکوت و توندوتیژییە هەوسار پچراوەکانیان بدەن... بەڵام سەرکوت و داپلۆسین، بەشوێنێک ناگات و تورەیی جەماوەری لەدەسەڵات و کارنامەکەی زیاتر دەکات.

**لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە دەسەڵاتی حزبدا بەرجەستەیە لە جێگای حکومەت، دەبێ دەسەڵاتی سیاسی حزبی رابماڵریت، ئەمەش بەمانای ئەوە دیت کە لەهەر جێگایەك و لەهەر گەرەك و شارو شارۆچکەیەك کە دەسەڵات نابوت دەکرێت و بارەگاکان و هیزەکانی رادەماڵرێن یان ناچار بە پاشەکشە دەکرێن، ئەگەر راستەوخۆ هێزی سیاسی، یان جەماوەری تر جێگەی نەگرێتەوە و توانای بەرگریکردنی جەماوەری و چەکداری نەبێت، بە شوێنیك ناگات و حزبی دەسەڵات، بە بە پشت بەستن بە هیزی چەکدار و داهاتێك کە دەستی بەسەردا گرتووە، دەگەڕیتەوە...**



# بزووتنەوەی نان و مووچە

نووسینی: خەسرەو بۆکانی

تونددووتیژی برا و ئەم هێزانە بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازی سەرکوت لەوانە باتۆم و گازی فرمێسکرێژ، هێرشیان کردووەتە سەر ناڕازییان و لەئەنجامیدا برینداربوونی ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران و هەروەها دەستبەسەر کرانی ژمارەیەکی دیکە لە ناڕازییانی بەدواوە بوو. بەڵام ئەمە کۆتایی کارنەبوو و حەرەکەتی ئیعتڕازی خەڵکی سلێمانی دەستبەجێ لەلایەن خەڵکی شارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان پشتیوانی لێکرا و خەڵک لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە لەوانە، قەڵادزێ، ڕانییە، دوکان، پیرەمەگرون، عەربەت، سەیدسادق، پێنجوێن، هەڵەبجەی کۆن، وارما، کەلار، دەربەندیخان، کفری، شیلادزێ و قەسری هاتنە سەر شەقامەکان و لەم حەرەکەتە ناڕەزایەتییە پشتیوانیان کرد و ڕۆژی هەینیش ئەم ناڕەزایەتییانە لە شەنگال بەڕێوەچوو کە خەڵک زیاتر لەدژی حکوومەتی ناوەندی عێراق ناڕەزایەتییان دەربڕی. سەرکوتی خەڵکی ناڕازیی لەم ناوچانە لەلایەن هێزە ئەمنییەکان لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بە ڕادەیەک بووە کە بە پێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان تا ئەمرۆکە ١٠ کەس لە خۆپیشاندەران بەهۆی دەستدرێژی ئەم هێزانە گیانیان لەدەست داوە و زیاتر لە ١٠٠ کەس برینداربوون و ژمارەیەکی زۆر لە لایەن هێزە ئەمنییەکان دەستبەسەر کراون. ڕێکاری سەرکوتگەرانەی هێزە ئەمنییەکان لە بەرامبەر خۆپیشاندانی هێمنانەی خەڵک، لە هەندێ لە شوێنەکان کردەوەی تونددووتیژانەی ئەم هێزانە کاردانەوەی خەڵکی بەدواوە بووە. بە جۆرێک کە لە هەندێ لە شارەکان، بارەگا و نووسینگەی پارتەکانی دەسەڵاتدار لەوانە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، بزووتنەوەی گۆران و هەروەها دوو پارتی ئیسلامی، لە لایەن خەڵکی ناڕازییەوە ئاگر تێبەردراوە کە ئەمە خۆی هێمای بێ باوەڕی و بێ هیوایی خەڵکە بە حیزبەکان و هەروەها لایەنە ئیسلامییەکان. هەر چەند دانی موچە حەقدەستەکان، مووچە و پێکهێنانی هەلی کار لە لایەن دەسەڵات لە بارودۆخی ئێستا لە زومرەی گرینگترین خواستەکانی خەڵکی ناڕازیی بەتایبەت لاوان دێتە ئەژمارو ئەم تەوەرە بووەتە هۆی ئەوەی کە بەشداربووان لە توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە وەک پۆلیسی ڕێگاوبان، هێزەکانی ئاسایش، پێشمەرگە، کارمەندان، کرێکاران، خانەنشین کراوان و کەمئەندامان پێک بێن، بەڵام ئەمە لە حاڵێکدایە کە داخوازی و خواستەکان کە ئەم خەڵکەی هێناوەتە سەر شەقام، گرینگتر لەوانەیە. لە ڕاستی دا

بەدوای ڕووخانی ڕژیم "سەدام حسێن" لە ساڵی ٢٠٠٣، لە لایەن حکومەتی ناوەندییەوە ساڵانە بودجەیەکی گونجاو بە ڕێژەی ١٣ میلیارد دۆلار بە ئیزافەی داهاتی خالە سنوورییەکان و داهاتی هەناردەی نەوت، دەدرێ بە هەرێمی کوردستان.

سەرەڕای پێکهاتەی گەندڵ و ناکارامە لە ئیدارەی دەسەڵات لەم ناوچەیە، ئەم داهاتانە لە ڕاستای پرۆژە ستراتێژی و ژێرخانە ئابوورییەکان و وەبەرهێنان بەکار نەهێنراون، بەڵام بەشێک لەم داهاتە بە شێوەی جۆراوجۆر لەناو خەڵکدا دابەش کراوە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بەجۆرێک خۆش بژێوی لە ناو توێژی مامناوەندی کۆمەڵگە پێک بێت. لە زۆرێک لە حاڵەتەکاندان دەبینرێت، بنەماڵەکان و یان کەسانی تایبەت مانگانە ٣ تا ٤ مووچە لە ژێرناوی جۆراوجۆر وەردەگرن و هەر ئەمەش دواتر بوو بە یەکێک لە کێشەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان. بەهۆی سیاسەتی پارتەکانی دەسەڵاتدار لەم ناوچەیە، هیچ جۆرە گرینگییەک بە پێگەی واقیعی هێزی کار و پێکهێنانی ناوەندی بەرهەمهێنان نادرێت و ئەم کۆمەڵگەیە وەک زۆرێک لە وڵاتانی کەنداوی فارس هەڵبەت لە بواری داهات و خزمەتگوزاری لە ئاستێکی خوارتر، بووەتە کۆمەڵگایەکی بەکارهینەرو مەسرەف گەرا. بە جۆرێک کە زۆربەی پێداویستییەکانی هەرێم لە لایەن وڵاتانی وەک ئێران، تورکییە و هەندێکی دیکە لە وڵاتانی دەورووبەر دابین دەکرێ. پێویستە بوترێ کە لەوەها بارودۆخێکی ناتەندرووست، بوار بۆ گەشەی کەسانی تایبەت و کۆمپانیاکان کە یەکشەوە گەیشتوونەتە لووتکە، هەموار بووە و ئێستا ژمارەیەک لەم کەسانە لە زومرەی دەوڵەمەندانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێنە ئەژمار. مەودای چینایەتی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی گەندەڵی ئیداری و سیستمی تایەفەیی حکومەت کە لە نێوان دوو بنەماڵە دابەش کراوە، گەیشتووەتە لووتکە و سەرهەڵدانی توێژێکی دەوڵەمەندی تازە پێگەیشتوو کە زۆربەیان بە پشت بەستن بە هێز و ئیمکاناتی دەوڵەتی بەم ئاستە گەیشتوون و زۆربەیان لە نزیکانی پارت و لایەنەکانی دەسەڵاتن، بە قیمەتی هەژارترکردنی توێژی مامناوەند و خوارەوەی کۆمەڵگە بۆ ئاستێکی خراپتر و سەپاندنی هەژارییەکی زیاتر بەسەر چینی کرێکار و زەحمەتکێشی کۆمەڵگە، دابین بووە و ئەمە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانی عێراقە کە کاریگەری قووڵی لەسەر لایەنەکانی کار و ژیانی خەڵک داناوە.

بەدوای دابەزینی نرخی نەوت کە بووە هۆی پێکهاتنی قەیران لە ساڵی ٢٠١٤ و هەروەها بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی بانکی جیهانی و سندووقی نێودەوڵەتی دراو لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بارودۆخی خەڵک بەرەوە دارمان چوو و سەرهەڵدانی دیاردەیەکی وەک "داعش" و قەیرانە یەک لەدوایەکەکانی وەک ١٦ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٧ و شەڕی کەرکوک، پێوەندی دەوڵەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی!! هەرێمی کوردستانی ئاڵۆزتر کرد و لەو ڕێکەوتە هەتا ئێستا، پارتە بورژوا ناسیۆناڵیستەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە ڕابردوو تیشکیان خستە سەر بە تاڵانبردنی سفرەی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم ناوچەیە و بە بیانووی پاشەکەوتی مووچە، سیستمی دانی مووچەیان بە جۆرێک بەرنامەڕێژی کرد کە نیوەی مووچەکان و دواتر یەک لەسەر چوار حقووقەکانیان بە دواکەوتنەوە دەدا. دزی گەورە و ڕوونی نزیکانی پارتەکانی دەسەڵاتدار و گەندەڵی ماڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بووە هۆی هەژارتربوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی خەڵک و بێکاری لەم ناوچەیە، بە جۆرێک کە دەنگی ناڕەزایەتیی ژمارەیەک لە خاوەن ڕاگەیەندنەکان و تەنانەت کارگێڕانی حکومەتی و پارلەمانتارانیشی لێکەوتەوە. خراپ بەکارهێنانی ئیمکاناتی سەر سنوور لە لایەن ناوەندەکانی سەر بە پارتەکانی دەسەڵاتدار لە سنووری "پەرویزخان"، "باشماخ" و "ئیبراهیم خەلیل" تەنیا بەشێکی چکۆلە لە دزی و گەندەڵی کاربەدەستانی هەرێمە کە لە لایەن ڕاگەیاندنەکانەوە باسی لێ دەکرێ.

سیاسەتی چەوت و سەرکوت گەرانەی پارتەکانی دەسەڵاتدار لە هەرێمی کوردستان، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و هیتد... کە لەسەر بنەمای پاراستنی مۆناسباتی سەرمایەداری و مۆڵکایەتی و پەیرەو کردنی سیاسەتی نیئۆلیبرالیستی بووە و بە پشت بەستن بە سیستمی دەسەڵاتداریەتی فیدرالیسم و پارلێمانتاریسم بەڕێوەچووە، دواهاتێکی وەحشەتناکی بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زوڵم لێکراو بووە.

پەرەسەندنی کۆچ کردنی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لاوان بۆ وڵاتانی دیکە، پەرەسەندنی زیانە کۆمەڵایەتییەکان، چوونەسەرەوەی ڕێژەی بێکاری، بێ توانایی خەڵک بە تایبەت کرێکاران و مووچەخۆارن لە دابینکردنی پێداویستییەکانی سەرەتای ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان، قووڵ بوونەوەی مەودای چینایەتی و هیتد... نە تەنیا بێ هیوایی بە سەرجەم پارتەکانی بەشدار لە دەسەڵات پێکهێناوە، بەڵکوو ئەم بێ هیواییە داوێنی پارتە ئیسلامییەکانیشی گرتووەتەوە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا.

هەرچەند ڕاپەڕینی ناڕەزایەتیی مافخوازانەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە تایبەت کرێکاران و مامۆستایان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بە توندی سەرکوت کراوە، بەڵام هاوکات بووەتە هۆی گەشەی وشیاری سیاسی و چینایەتی خەڵک و ئەو ڕوانگەیەی کە خەڵک بە نیسبەت پارتەکانی دەسەڵاتدار بوویان بە تەواوی لەناو چووە و جەماوەری زوڵم لێکراو و بێبەشی کوردستان لە درووشمەکانیاندا ئەمەیان سەلماندووە کە هاوڕا نین لەگەڵ ئەم سیستمە سەرکوتگەر و چەوسێنەرە و خوازیاری نەمانی ئەم سیستمە بە سەرجەم پارت و لایەن ناسیۆناڵ ئیسلامییەکانی هاوپەیمانیانن. خەڵکی هەرێمی کوردستان لە خەباتی ١٠ڕۆژی ڕابردووی خۆیان و بە هێنانەی گۆڕی دروشم و داخوازییەکانیان، نیشانیان دا کە دژی سیستمی سیاسی ناکارامە و گەندەڵی فیدێرالیزمن کە پارت و لایەنە ناسیۆناڵیستەکانی کوردستانی ئێرانیش ئەم نوسخەیەیان بۆ خەڵکی ئێران پێچاوەتەوە. هەروەها لە کردەوەی ڕۆژانەی خۆیان سەلماندیان کە ئەم سیستمە کە بە پشت بەستن بە دیمۆکراسی بۆرژوایی و پارلمانتاریسم ئیدارە دەکرێ، نە تەنیا ناتوانێ ژیان و گوزەران و ئازادی کۆمەڵایەتی خەڵک دابین کات، بەڵکوو لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەتایەکانی ژیانی خەڵکیش ناکارامەیە و تەنیا ئاڵترناتیوڤێکی کە بتوانرێ لەم بارودۆخە نالەبارە پشتی پێ ببەستی، پێکهێنانی شوڕاکانی خەڵکە و بوار ڕەخساندن بۆ دەسەڵاتی شوڕاییە.

سەرنج دان بە خواستەکان، مۆتالبات و درووشمەکانی بزووتنەوەی ئێستای خەڵکی ستەم لێکراوی هەرێمی کوردستان، نیشانی دا کە بزووتنەوەی ئەوان بزووتنەوەی نانە، بزووتنەوەی نەدرانی مووچەیە، بزووتنەوەی کار و ئازادییە، بزووتنەوەی دژبە ستەم و هەڵاواردن و نایەکسانییە و هەر ئەو جۆرەی کە خۆیان دەڵێن: بزووتنەوەی دژبە گەندەڵی و دەسەڵاتی مافیاییە. هەر بۆیە لە ڕوانگەی بیروڕای وشیاری کۆمەڵانی پێشڕەو و سەرجەم ئازادیخوازان و کۆمۆنیستەکان، ئەم بزووتنەوەیە جێگای پشتیوانییە و هەر جۆرە سیاسەتێکی سەرکوت گەرانە لەدژی ئەم بزووتنەوە مافخوازانە و دادپەروەرانەی خەڵک مەحکوومە. ناساندن وسزادانی دەستوپێوەندەکانی تەقەکردنی ڕاستەوخۆ بەرەوە خەڵکی ناڕازیی، ئازادکردنی خێرا و بێشەرتومەرجی سەرجەم دەستبەسەر کراوان و ڕاگیرانی هەر جۆرە سەرکوتێک لە لایەن دەسەڵاتەوە، لە ئەولەوییەتەکانی تایبەتی هەلومەرجی ئێستا بە ئەژمار دێ...

# تابلۆی "ڕقی پیرۆز"



مرۆڤ کاتێک ئەم تابلۆیە دەبینێ، ڕاستەوخۆ تێدەگات. ئەو کەسەی هەستاوە بەوەشاندنی شەق لەو کەسەی تر تێدەگات لەوەی دیمەنەکە بوعدێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەپشتەوەیە، بینەر تێدەگات لەوەی هەرکاتێک ڕق و تورەیی خەڵک پڕبوو ئەوا مەحاڵە هیچ هێزێکی مرۆیی بتوانێ بەری پێ بگرێ .

ڕەنگە بپرسرێ چۆن دەکرێ لەڕێگای تابلۆیەکەوە ئەو جیاکاریە بدۆزرێتەوە، کەتیایدا وێنەی جەلادو قوربانی یە،

ئەم تابلۆیە پارادۆکسێک لەو دوو میتۆدەی لەخۆگرتوە جەلادو قوربانی، سەرەتا ئەوەی ئێستا شەقی لێدەوەشێنرێ قوربانی بووە و کاتێک جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو بۆتەوە بە جەلاد، ئەمێستاش بە پێچەوانەوە، واتە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکە هەمیشە و بەردەوام کەسایەتیەکی "سایکۆپاتی" دروست دەکات، کە ڕەکیزەی هەردوو چەمکەکەی هەڵگرتوە. هۆکاریش ئەوەیە تاوەکو ئێستا لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا شۆڕش سەری هەڵنەداوە بەمانای شۆڕشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی، بەڵکو ئەوەی ڕوویداوە لاچونی هێزێکی داپڵۆسێنەر بووە و دوای ئەویش هێزێکی تر جێگای گرتۆتەوە، واتە چ جیاوازیەک هەیە؟ هێزێکی خاوەن دەسەڵات کوردی بێ یا عەرەبی بێ بت چەوسێنێتەوە، هەر چەوسانەوەیە بۆ خەڵکی ستەمدیدە.

لەئێستادا ئەوانەی دەچەوسێنرێنەوە کەسانی موچەخۆری سەر بەدامودەزگا جۆراوجۆرەکانن و ئەو ژمارە زۆرەی تر پڕە لە خەڵکی مشەخۆرو هەڵپەرست، تەماشا دەکا گەر زانی وەزعەکە بەرەو ئەوەدەچێ دەسەڵات نەمێنێ خۆی دەخاتە پاڵ خەڵکی خۆپیشاندەرو ڕاپەڕیوو. گەر واش دەرنەچو بەردەوام دەبێ لەسەر خەتی خۆی، بۆیە لەئێستادا خەڵکی چەوساوەی کوردستان دەبێ خۆیان ڕێکبخەن لەسەر بەرنامەو میتۆدێکی واقیعی کۆمەڵایەتی تاوەکو هیچ هێزێک نەتوانێ بەری ڕەنج و ماندووبوونتان بەفیڕۆ بداو بۆخۆی بەرێ..

**نووسینی: جەمال نوری**

# دەبێ دەست بەجێ و بێ قەیدو شەرت، هەموو زیندانیەکان، دەست بەسەرکراوەکان، ڕفێنراوەکان، ئازاد بکرێن و قەرەبوو بکرێنەوە...

# هیچ کات وەك ئێستا پێویستیمان بە هاوکاری یەکتر نییە!



**نووسینی: سەردار عەبدوڵا حەمە**

کەم ڕۆژ هەیە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆنەوە هاوڵاتیانی تورەو بێزار لەم بارودۆخەی ئێستا نەبینین و ڕەخنە و تووڕەیی خۆیان لەم دەسەڵاتە پیشان نەدەن، زۆریان دەگرین و دەناڵێنن بەدەست هەژاری ونەخۆشی وبێ دەرمانی، یان بێزارن لەبەر نەبوونی مووچە، دیارە ئەم بەشە لە خەڵک زۆربەی خەڵکی کوردستان پێک دەهێنن کە بەیەک ملیۆن کەس حساب دەکرێ، ئەگەر بەئەندامانی خێزنەکانیشیانەوە حسابی بکەین چەندین ملیۆن کەس دەبن. ئەمە مەترسییەکی زۆر گەورەیە کە ئەوچەند ملیۆن کەسە بەدەست هەژاریەوە بناڵێنن. ئەم خەڵکەش کرێکارو زەحمەتکێش دەستفرۆش ومامۆستاو کارمەندو خانەنشین وخاوەن پێداویستی تایبەتن، ئەمانە ئاستی ژیان و گوزەرانیان هاتوەتە خوارەوە و لە ئاستی هەژاری وبرسیەتیدا ژیان دەکەن، ئەم بارودۆخە بەوە چارەسەر ناکرێ هەرکەس لە کەناڵەکانەوە قسە بکات وباسی باری خراپی بارودۆخەکەی خۆی بکات، بە گریان و پارانەوە دەست پێ بکات تا بەڵکو لە دوای ئەوە خێرۆمەندێ بە هاواریەوە بێت و یارمەتییەکی بدا و خێرێکی پێ بکات. چونکە لێ قەوماوان و قوربانیەکانی ئەم بارودۆخە یەک کەس دووکەس نین و هەر ئەوانە نین کەدەنگیان بە مایکی کەناڵەکان ئەگات، بەڵکو قوربانیەکان جەماوەری ملیۆنی خەڵکی کوردستانن دەنگیان بە کەناڵەکان ناگات، بەتایبەت لەم کاتەدا کە ڤایرۆسی کۆرۆنا وەک بەڵایەکی تر یەخەی ئەم ملیۆنەها خەڵکەی گرتووە و دەسەڵاتیش نەک بە ڕادەی پێویست وەڵام بەپێداویستەیەکانی خەڵک ناداتەوە، بەڵکو بووەتە بارگرانی و هۆکاری قوربانی زیاتری خەڵک لەم بوارەدا. چارەسەری ئەم بارۆدۆخە لە دەست خودی خەلکدایە لە دەست قوربانیەکان و لێقەوماوەکانی ئەم بارودۆخەدایە. چارەسەر ئەوە نییە دانیشین لەماڵەوە چاوەڕێی وادە و بەڵێنەکان و کۆبوونەوە داخراوەکانی حیزبەکانی دەسەڵات بین، یاخود چاوەڕێی ئەوە بین حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەسەڵات بگرنە دەست، چونکە لە ٢٩ ساڵی ڕابووردودا ئاوامان کرد و خۆشباوەر بووین پێیان، تەنانەت چارەسەریش لە بەغدا نییە لە ٢٠٠٣ وە ئەوەش تاقی دەکەینەوە خۆشباوەر بووین بەوەش.. چارەسەری ریشەیی لەدەست خۆماندایە بە ڕاماڵینی ئەم دەسەڵاتە دەبێ، دەبێ لەجێگایدا دەسەڵاتی نوێنەرانی خۆمان دابنێین کە لەڕێگای کۆبوونەوە گشتیەکانەوە هەڵیان دەبژێرین و هەرکات باش نوێنەرایەتیمان نەکەن لایان دەبەین و نوێنەری تر لە جێگیان دائەنێین کەجێگا متمانەمان بن. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ خۆمان ڕێکخراو بکەین لە گەرەک وکارگا و نەخۆشخانەو شوێنی کارو ژیانماندا. بۆ چارەسەری کاتیش لە ئێستادا بۆ ئەم بارودخە دەبێ خۆمان هاوکاری یەکتر بکەین دەتوانین، ئەم کارەش بکەین هەر ئێستای دەتوانیین لە شوێنی کارو ژیانمان بە کۆبوونەوەمان لە دەوری یەکتر تۆڕەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی دامەزرێنین. لە جیاتی خێرو سەدەقە خۆمان دەتوانیین هاوکاری یەکتر بکەین. سەرەتا چەند کەسێ لەگەرەک یا لە شوێنی کاردا دەست بەکار بن و کۆبونەوەی گشتی ڕێک بخەن و نوێنەرانی گەڕەک یا شوێنی کار هەڵبژێرن. ئەرکی ئەم نوێنەرانە بریتی بێ لەیەکەم: دابینکردنی ماڵی یا دوکانی بۆ بنکەی نوێنەران. دووەم؛ داواکردن لە خەڵک کۆمەک و هاوکاریەکانیان بگەیەنن بە بنکە جا ئیتر پارە بێ یا خواردن وجلوبەرگ بێ ..هتد سێیەم؛ ئەم نوێنەرانە پەیوەندی بە دکتۆر و دەرمانخانەکانەوە بکەن داوای هاوکاریان لێ بکەن بۆ خەلکی گەڕەکەکەیان یا بۆ کرێکاران و کارمەندان. چوارەم ئەم نوێنەرانە بۆ گرێدانی تۆڕەکەیان بە تۆڕەکانی گەڕەکەکان و شوێنەکانی ترەوە پەیوەندی بکەن بە نوێنەرەکانیانەوە بۆ ئەوەی هاوکاری یەکتر بکەن و نوێنەری سەرتاسەریش هەلبژێرن بۆ ئەوەی لە ئاستێکی فراوانتردا هاوکاری کۆبکەنەوەو بیگەیەنن بەیەکتر. خۆش بەختانە ئەم تۆڕانەی هاوکاری کۆمەلایەتی لە چەندین گەڕەک لەچەندین شارو دەرەوەی کوردستاندا پێکهاتوون. ئەرکی هەڵسوراوان وچالاکوانی گەڕەک وشوێنەکان کارە لەو جێگایاندا کەتا ئێستا پێک نەهاتوون ئەم تۆڕانە پێک بێنن و بەیەکە وەیان گرێ بدەن، چونکە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرن هیچ کات وەک ئێستا خەڵکی کوردستان پێویستیان بە هاوکاری کردنی یەکتر نییە.

پرسی ژن



توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# لەگۆڕنانی دەسەڵاتی پیاوسالاری ڕۆشناییەك بۆ ئازادیی ژنان!

**گە شاو ڕەحیم**



لە گۆڕنانی دەسەڵاتی کوردیی بنەماڵەیی و خاوەن ئەقڵیەتی پیاوسالاری و ژەنگگرتووی دین و کۆنەپەرستی لە کوردستان زۆر دەمێکە کاتی تەواو بووە و پێویستە دەسەڵاتی سەربەخۆی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش و ئازادیخواز جێگای بگرێتەوە. لەم نێوەدا ژنان لەسایەی ئەو دەسەڵاتە مافیایی و ژن کوژەدا بونەتە قوربانی و بە بەهانەی ناموسپەرستی پاراستنی " شەرەفی پیاوان" ەوە گیانی سەدان و هەزاران ژن خەڵتانی خوێنکراوەو سەدان کیژۆڵەی تەمەن خوار هەژدە و شانزە ساڵانیش بەناوی زەواجی شەرعییەوە ئیغتیساب دەکرێن و لەکاتی ڕازی نەبونیشیاندا لێدان و سوکایەتی و تا دەگاتە کوشتن و سەربڕین چاوەڕێیانە. بۆیە ئێمەی ژنان ئەبێت دەنگی خۆمان بخەینە ڕیزی هاوخەبات و هاوچارەنوسەکانمانەوە.

ئەو خۆپیشاندانانەی ئەم چەند ڕۆژە لە هەرێمی کوردستان بەشداری زۆر کەمی ژنانی پێوەدیارە و ئەگەر ژنان کە نیوەی کۆمەڵگە و نیوەی گشت هێزێکن لەپێناو هاوسەنگ ڕاگرتنی کۆمەڵگە و یەکسان هێشتنەوەو یەکسان بەڕێوەبردن، بۆیە هاتنەمەیدانمان لەگەڵ هاوشانی پیاوان گەرەنتیی سەرکەوتنی نارەزایەتییەکانمانە لە پێناو ئازادی و یەکسانیی ڕاستەقینەدا. هەر لەسەر ئەم بنەمایەوە ئێمەی ژنان دەنگی خۆمان و ناڕەزایەتییەکانمان دەخەینە ڕیزی هاوخەبات و هاوچارەنووسەکانمانەوە، تا دامودەزگای دەسەڵاتدارانیک لە ناوبەرین کە لەسایەیدا نزیک بە سێ دەهەیە بێکاری، بێخانەو لانەیی، گرانی لەڕادەبەدەری خۆراک و نەدانی کرێی کرێکاران و فەرمانبەران، ڕفاندنی ڕۆنامەنووسان و ئازادیخوازان و تیرۆر کردنیان سیمای قێزەونی ئەم دەسەڵاتەیە، کە بەڕاستی ڕووی گشت شەرمەزارییەکیان شکاندووە..!!

لەکۆتاییدا ماوە بڵێم، لەپێناو ئەوەدا کە ئێمەی ژنانیش لەگەڵ پیاوانی هاوچارەنووسماندا لەم هەرێمەدا هەناسەیەکی قووڵی ئازادی هەڵمژن و وەک مرۆڤ ژیان بکەین و یەکسانیی تەواومان لە کۆمەڵگەدا هەبێت، بەشداریی جیدیمان لە ناڕەزایەتییەکاندا و خۆڕێکخستنمان بە وشیارییەکی چینایەتی و یەکسانیخوازییەوە گەرەنتیی کردنەدەرەوەی ئەم دەسەڵاتە کۆنەپەرست و دڕندەو پیاوسالارەی حزب و بنەماڵەی کوردایەتییە..

**بژی هاوئاهەنگی ژنان و پیاوان بۆ چارە نووسێکی پڕئینسانی**

**ئە ڵمانیا**

**09 ی دیسەمبەری 2020**

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ رووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیەریان، دەیانەوێ بەلارێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستییژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بلاّوەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا سالّح، حەکیم میرزا

# دەمە تەقێ

## لەگەڵ هونەرمەند جەمال شارباژێڕی

**کاوان قادر: سڵاو کاک عوسمان، لە ٢٩ نۆڤەمبەردا بنکەی ڕۆشنیری وهونەری ڕانیە دووەمین دیداری شانۆیی ڕانیەی سازکرد کە لەشارەکانی (ڕانیە، قەڵادزێ، کۆیە، دوکان چوارقوڕنە، کفری، کەرکوک، چەمچەماڵ) وە هاتبوون، بەڕێزت وەک شانۆکارێک چۆن ئەم نمایشە شانۆییە هەڵدەسەنگێنی، ئەگەر شانۆ نمایشێکی ژیان بێت، ئایا بینەر کاتێ شانۆکەیان جێ هێشت چییان لەگەڵ خۆیان بردەوە؟ باشتر بڵێم ئەم فیستیڤاڵە شانۆییە چی پێ بەخشین، ئاستی هونەرییەکەی چۆن بوو؟**

**عوسمان شارباژێڕی:** من وەک بینەرێک هەستم نەکرد !لەدیدارێکی شانۆیی دام، ڕاستییەکەی هەستم ئەکرد لەچالاکییەکی قوتابخانەکاندام، بەڵگەشم بۆئەمە زۆربەی زۆری شانۆییەکان تەنها وەک شیعر لەبەرکرابوو؛ بێ ئەوەی هیچ احساسێک لەنێوان کارەکتەرەکاندا بوونی هەبێت، لەهەمانکاتدا تەرکیز، (بوونی نەبوو) یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم ئاستە نزمە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەکتەرەکان جگە لەوەی لەهەر ئاستێکیشدا بوبێتن دەقی شانۆکە پەیوەندییەکی بە ژیانی واقیعی ئەوانەوە نەبوو، چونکە تەبیعەتی ئینسان ئاوایە کاتێ تقموص لەگەڵ هەر بابەتێکی ژیانی واقیعی خۆی بکات دەتوانێ سەرکەوتوو تر نواندن بکات، هەڵبەت ئەم کەم وکوڕییە تەنها تایبەت نییە بەم نواندنەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی لەهەموو بوارێکدا بەو جۆرەیە، ئەمە یەکێک ئەبێت لەو هۆکارانەی کاریگەری لەسەر بینەریش دائەنێت بۆیە هەڵبژاردنی دەقیش گرینگی خۆی هەیە، چونکە تۆ لەسەر شانۆ تەمسیلی ژیان دەکەیت. یەکێک لە پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی شانۆ پەیوەندی نێوان شانۆ و جەماوەرە.

شانۆکاری داهێنەر پێویستە ئەوەندە بە ئاگا بێت لە زۆنێکی تەواو کۆنترۆڵەوە نواندن بکات کاتێ کێشەیەک هاتە پێش بزانێ چۆن ئیستیغلالی بکات بێ ئەوەی باڵانسی شانۆکە تێک بدات، لەشانۆیی (نیشتمان) کەبەرهەمی گروپی شانۆیی قەڵادزێ بوو لەکاتی نمایشدا ئەکتەرەکە تەلەفونی بۆئەکەن یەکسەر مۆبایلەکەی داخستەوە؟ لە کاتێکدا دەیتوانی زۆر بەئاسانی پەیوەستی بکات بەنمایشەکەوە جوڵە لەگەڵ دیالۆک زۆر ناهاوتابوو، پێویستە دەرهێنەر زۆر بەوریایی جوڵەکان لەگەڵ دیالۆکەکان لەسەریەک هێڵی هاوسەنگ بکات. لەڕوی تەکنیکی یەوە ئەوەی کەمێک دڵخۆشکەر بوو شانۆیی پەیکەری ئاڵتونی گروپی شانۆیی دوکان بوو کەدەرهێنەر زیرەکانە کاری لەسەر جوڵەو دیالۆک کردبوو.

ئەو هەڵسەنگاندنەی دواجار بۆ ئەم چالاکییە کرا دەرخەری ئەوەیە کە خەڵکی بەدەستی بەتاڵ چووەوە ماڵەوە، هەم لەڕوی هونەرییەوە لاواز بوو هەم دەقی شانۆیی یەکە هیچ پەیوەندی بە کێشەو بەدبەختییەکانی ئەمڕۆی خەڵکی یەوە نەبوو، هێندەی خەونی هونەرمەندی خەڵوەتگیر بوو، نیو ئەوەندە خەون وئاواتی ڕۆژانەی خەڵک نەبوو،

بەداخەوە ئەو دەزگایەی سەرپەرشتی ئەم کارانەی کردو ڕێکیخست پێویست بوو هەڵسەنگاندنێکی پرۆفیوشیناڵی بۆ کوالێتی کارەکان بکات بەر لە پێشکەشکردنی بەرهەمەکان، بۆی گرینگ بێت کە بە نواندن وبابەتی کرچ وکاڵ مێشکی خەڵکی نەشۆنەوە، ئەوەش بڵێم بەداخەوەم کە لای ئێمە تەنانەت هێندەی سانسۆر لەسەر دەقە شانۆییەکە هەیە کە ختوکەی دەسەڵات نەدات، هێندە لەسەر کواڵێتیی نواندن و ئاستی هونەرمەندەکانیش نییە، مەبەستم لە شێوەو ناوەرۆکە کە ئەوە باسێکی قوڵتری ئەوێت، بەڕاستی من چاوەڕوانی لەوە زیاترم هەیە لەوەی بینیم لە هونەری شانۆ؛ لەکاتێکدا هونەر دەبوو بەشێک بێت لەشۆڕشی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەوینەوەی نەریتە کۆن ونادروستەکان، بەم شێوەیە لە هونەر هەرگیز ناچینە پێشەوە، ئاخر خۆ لەم وڵاتەدا پارەیەکی زۆر سەرف دەکرێت بۆچالاکی هونەری، بەڵام بۆ زۆر بێ ناوەرۆکەکان وبێ کواڵیتییەکان هەر لە هونەری شانۆ وە بگرە تا ئەوسەری شێوەکاری ئەمە ئیتر ئەزمەیەکی کلتوری یە، کە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئیفلیجی ژێرخان و سیاسەتی ئەم وڵاتە کە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە.

ئومێدەوارم ساڵی ئایندە ئەم کەم وکوڕیانە چارەسەربکرێت، هونەرمەندەکان بتوانن داهێنان ئەنجام بدەن، نەک کاری دووبارەو سواو؟

# پیشکەش بە جەماوەری ڕاپەریوی کوردستان



## شیعری: خالید بایەزیدی (دلیر)

١-

من چە ندە بەختەوەرم

بەختەوەرترا!

لە هەموو دیکتاتورەکانی جیهان

...چونکە من

لە کازیوەی بەری بەیانی بەهار

تەنها بۆن بەگوڵەوە دەکەم

بەلام دیکتاتورەکان

تەنیا وتەنیا

بۆن بەکەرەسەی تەقینەوە دەکەن؟

٢-

ئیمە لە بزمارەکانەوە

فیربووین

چۆن خوراگربین

هەرچە ندە لەسەریان داین

خوراگرتر بووین

٣-

ژن یانی ئاوینە

ئاوینە یانی ژن

هەربویەش ناحەزان

هیچ کات توانای دیتنی

ئاوینەیان نییە

٤-

تەرازوی عەدالەت

ئەگەرهەمیشە خوار نەبووایە

خوشەویستیش هیچ کات

بەردە باران نەدەکرا

٥-

( روژ ژمیر)

شەممە..........ئیعدام.........یەک نەفەر

یەک شەممە...ئیعدام.........دونەفەر

دوشەممە...ئیعدام.....سی نەفەر

سێ شەممە..ئیعدام....چوارنەفەر

چوارشەممە...ئیعدام...پینج نەفەر

پینج شەممە.....هەموو دارەکانی ئیعدام ئامادەکراو

هەینی......هەموو گوڵەکانی وەنەشە و بەیبوون لە سیدارە دراوە

٦-

کورسییەک

سەری خۆی هەڵگرت

چونکە دیکتاتورێک

...دەیەویست

لەسەری دانیشیت؟

٧-

سەرکردەی وڵاتی ئیمە

لەسەرکردەی هیچ وڵاتێک ناچێ

لەسەر کورسی کە دانیشت

هەتا دەمرێ هەستانی نییە؟






# ژن .. ئەی بوونەوەری مەزن



ژن ئەی بوونەوەری جوانیی
ئەی گەڵای سنەوبەری سەوز
هەموو کاتێك گوێم
لە تریفەی مانگەشەوی تۆیە
گوێم لە خورپە و هاژەی رووباری پڕ
بە خوڕی دڵە پڕ لە ئازارەکەی تۆیە
بمبەخشە تۆ درەختێکی باڵابەرزی کاتێك دەدوێیت؟
هەر وشەیەکت گوڵێکە
هەر پێکەنینێکت چڵێکە
هەر پەنجەیەکت لقێکە
ناوقەدت سەفتەی کتێب و
گەڵای عەشقی چاوەکانت
پڕن لەخۆشەویستی و جوانی.

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**




بەرهەمی هونەرمەند عومەر دەرویش

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

## ئەرێ چیم وت لەبەر ئاوێنەدا



حەزدەکەم توشی فوقدان زاکیرە بیم و
هیچ کەسێك نەناسمەوەو
نەزانم کەی لەدایك بوم و
کێش ناوی نام
حەزدەکەم نەزانم ژیان ماناى چییە و
مردن لەچ کۆڵانێکەوە سەری دەردەچێت

حەزمدەکرد لەشەوێکی باراناویدا باوکم
لەگەڵ دایکم جوتببوایەو
هەر ئەوشەوە دایکم سکی بەمن پڕبووایەو
بەحەوت مانگیش لەدایك ببومایەو
چاوەکانم لەچاوی مرۆڤەکانی ئێستە نەچوایەو گوێچکەکانم
کونی تیا نەبوایە

خۆزگە توشی لەبیرچونەوە دەبوم
ماڵەکەی خۆمانم بۆ نەئەدۆزرایەتەوە و
لەدەرگای ماڵێکی ترم ئەدا
دراوسێکانی جارانم نەئەناسیەوە
بەسواڵکەرەکانم نەئەوت
ئەرێ بێزارتان کردین
بەم سباى ساڵحانە ئەوەندە لەجەرەس ئەدەن

چەندە خۆش دەبوو
لەبەر ئاوێنەدا قسەم لەگەڵ خۆم دەکردو
بەخۆمم دەگوت
ئەرێ ئەم هەموو چرچولۆچییە چیە
بەدەمەوو چاوتەوە
بۆناچیت دەستێك لەسەرت بەیت
بۆگەنی تەنیایت لێدێت

خۆزگە توشی لەبیرچونەوە دەبووم
بەهەر جێگایەکدا
بەهەر شەقامێکدا بەهەر کۆڵانێکدا برۆشتمایە نەمناسیایەتەوە
کێ ئەڵێ بیرچونەوەو شێتی بەهرەیەکی خودایی نییە
بەخۆمدا دەزانم کەجارجار شێتی
سەردانم دەکات ژوورەکەم پڕدەبێت لەزەردەخەنەو پێکەنینی بێ ستیان

خۆزگە شێت دەبوم و
دەکەوتمە شکاندنی پەنجەرەی ئەومالانەی کەنیشتیمان و سێکسیان
تیا هەرِاج دەکرێت
خۆزگە توشی لەبیرچونەوە دەبووم و
یەکەم کەس خۆمم
لەبیردەچووەوە
.............

**حەکیم میرزا**




بەرهەمی هونەرمەند هیوا ساڵح

# چارەسەر تەنها هاوخەباتییە بۆ ئیدارەدانی شورایی



نووسینی: عبدالرحمن رسول

لەهەرکۆمەڵگەیەکدا دەسەڵاتێکی ملهوڕی چەوسێنەرو سەرکوتگەر هەبوو جیاوازییە چینایەتی گەشە دەکات ڕێژەی بێکاری و هەژاری و برسێتی وچەوسانەوە زیاد دەکات، بەدرێژیی ٣٠ ساڵە دەسەڵاتێکی چەوسێنەرو کۆنەپارێز کوردستان بەڕێوەدەبات، کەئەمەش یەکێک لەهۆکارەکان و زەمینەکانی سەرهەڵدانی ناڕازەیەتییەکانی خەڵکی کوردستان دژ بەچەوسانەوە و دزی وگەندەڵی هەروەها دژی قۆرخکردنی جومگەکانی ئیدارەدانی کارگێڕی لەبواری ئابوریی و بازرگانی و دیبلۆماسی و ئیدارەدانی حکومەتداری دا، لەدژی مۆنۆپۆڵکردنی ملهوڕانەی داهاتی سامانی گشتییە لەلایەن بەرپرسە باڵاکان وبنەماڵەکان وحیزبەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ویەکێتی نیشتمانی کوردستان بەهاوکاری و هاوپەیمانی بزوتنەوەی گۆڕان ویەکگرتوویی ئیسلامی وکۆمەڵی ئیسلامی و دەزگا دروستکراوەکانی زانیاری و پاراستن کە کۆمەڵگای کوردستانیان بەردەوام چەندین ساڵە بەناوی هەڵبژاردنی پەرلەمانەوە لەناو جەهەنەمی چەوسانەوەو کاول وێران بوون وهەژارو برسی و بێکارو ئاوارەبووندا گیرۆدە کردووە. خۆیان و خانەوادەو بنەماڵەو کەسوکاریان بوونەتە خاوەن کۆمپانیاو ئەپارتمان ومیوانخانەو پارەیەکی خەیاڵی زۆر لەبانکە جۆراوجۆرەکانی وڵاتان، بۆیە ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بەرامبەر بە حوکمرانی دیکتاتۆربوونی بنەماڵەکانی بارزانی و تاڵەبانی بەدرێژایی ٣٠سی ساڵی دەسەڵاتدارێتیان کێشەی نەبوون و خراپی خزمەتگوزاری، ئیداری و کۆمەڵایەتی درێژەی هەیە لەگەڵ گەشەدان بەبێکاری و هەژاری وبرسێتی ونەدانی موچەو هەقدەستی کارکردنی کارمەندان ومامۆستایان وکرێکاران. هەربۆیە ئەم ناڕەزایەتی وخۆپیشاندانەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان هەقخوازانەو ڕەوایە کە بۆ هێنانەدی نان، کار، ئازادی یە، ئەمەش داواکارێک وخواستێکی ڕەوایی ئینسانی یە کەپێویستە هەمووکەسێکی بەویژدان لەهەرشوێن وڵات وشارێکە بەئەرکی ئینسانی خۆی هەڵبستێت بەهەرجۆرێک بۆی دەکرێت پشتیوان وهاوکاری سەرکەوتنی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی ناڕازی کوردستان بێت. ئەم شەپۆلە نوێیەی ناڕەزایەتی کەلە ( ٢-١٢-٢٠٢٠) لە شاری سلێمانی و هەڵەبجە وشارەکانی کفری و کەلارو سەیدسادق و دەربەندیخان و ڕانیە و شاروشارۆچەکەکانی تریش یەک لەدوای یەک لەچەندین شوێن دەستی پێکرد، وەستانەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بە دژی دەسەڵاتی گەندەڵ وکۆنەخوازو چەوسێنەرو میلیشیای مافیاگەری دەسەڵاتی کوردایەتی و سەرجەم حیزبەکان، بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیۆنی فێڵ بازو ڕێوی ئاسا و درۆزنەوە، بە ناسیونالیست و ئیسلامی یەوە، بە نیوو- لیبراله مشەخۆر و دزوگەندەڵەکانیەوە. گەنجان ولاوان بارەگاکانی حیزبەکانی پارتی و یەکێتی وگۆڕان وئیسلامییەکان و حیزبی شوعی کوردستان لەچەند شاروشارۆچکەیەک دەست بەسەرداگرت و سووتاندن، وێنەی مەلا مستەفای بارزانی و جەلال تاڵەبانیان سووتاند کە ئەمەش نیشانەی ڕەدکردنەوەی پیرۆزییەکانی حیزبەکانە. هەروەها نیشانەی ڕیسوابوونی هەموو هێزەکانی بورژوازی قەومی و ئیسلامی، بەرجەستەبوونەوەی ڕادیکالیەتی ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ناڕازی زەحمەتکێش و کرێکارو چەوساوە وشیاریان بە ڕادەیەک گەیشتووە کە ئەزانن هیچ شتیک دادیان نادا جگە لەتێکۆشانی هاوپشتی و هاوخەباتی و یەکگرتووی خۆیان نەبێت. وە ئەمەش ئاسۆیەکی نوێ وقۆناغێکی تازەی هێناوەتە پێشەوە لەپرۆسەی تێکۆشانی چینایەتی شۆرشگیرانەی خەڵکی تێکۆشەری ناڕازی کوردستاندا. ئەم ناڕەزایی و هاتنە سەرخیابان وشەقامەکان درێژکراوەی بێزاری و ناڕەزایەتییەکانی ٣٠ سی ساڵەیانە لەدژی دەسەڵاتی چەوسێنەرو کۆنەخوازی کوردایەتی بنەماڵەکانی بارزانی وتاڵەبانییەکان و هاوشێوەکانیان بۆ سی ساڵە کە ئەم فیرعەونانەی کوردایەتی کەپێک هاتوون لە بنەماڵەکانی بارزانی و تاڵەبانییەکان تەواوی خەڵکی کوردستانی عێراقیان خستووەتە ژێر دەستی خۆیانەوە و بەشێوەی دڵخوازی عەشیرەت ئاسای خۆیان حوکمڕانی دەکەن و گیان وجەستەی مرۆڤە کرێکارو زەحمەتکێش وهەژار ودەستفرۆشەکان دەهاڕن لەکارگەی بەرهەمهێنانی سیاسەتی حیزبە خێڵایەتی وچەوسێنەرەکانیان، بەناوی حکومەتداری کوردستانەوە بەردەوام خەڵکیان فریوداوە و لەژێر سیستەم ویاساکانی کۆیلایەتی دا ڕاگرتووە. ساڵانە بەردەوام خەڵکی نارازی لەدژی نابەرابەری وچەوسانەوەو بێکاری و دانەمەزراندنی دەرچوانی زانکۆ وپەیمانگاکان کەبەردەوام ناڕەزایەتی وخۆپیشاندنی قوتابیان وماmۆستایان و کرێکاران وبێکاران درێژەی هەبووە، بەڵام لەلایەن پارێزرانی دەسەڵاتی چەوسێنەری کوردایەتییەوە سەرکوت کراوە. بەزیندانیکردن و ئەشکەنجە و ئازاردانی خۆپیشاندەران بەزۆر کۆتاییان بەناڕەزایەتییەکان هێناوە. ئەگەر پێشوتر تورەیی و نەفرەتی جەماوەری شەقام زۆرتر زۆنی سەوز و نیلی گرتبۆوە، زۆر ڕوونە کە لەزوونی زەردیش ناڕەزایەتی زۆر هەیە. بیندرا کەلە ساڵی رابردووەو زۆنی زەرد بەگشتی و پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراقی لە بادینانیشی گرتۆتەوە، بۆیە زوربەی گیراوەکان و ڕفێنراوەکانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری، لەساڵی ڕابردوودا ئەمجارە هەڵسوڕاوان و رابەرانی بزوتنەوەی تورەیی جەماوەری زۆنی زەرد و بادینانن کەماوەی چەندین مانگە لەزیندانەکان بێ سەرو شوێنکروان تەنانەت ڕێگە بەخانەوادەو پارێزەرەکانیشیان نەدراوە سەردانیان بکەن. بەردەوامیش لەلایەن ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ و کەسایەتی سیاسییەکانی کوردستان وعێراق و وڵاتانی بەریتانیا وئەوروپا داوایی ئازادکردنی ئەم دەستگیرکراوانە دەکرێت، بەڵام دەسەڵاتداران گوێیان پێ نادەن. هەربۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ناڕەزایەتی بەرامبەر ئەودەسەڵاتە بەهێزتر دەبێت. پێویستە زۆر بە وشیاری لە مێژوویی تێکۆشانی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بکۆڵدرێتەوە و هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و گرینگی بە تێکۆشانە ئیجابی وسوودبەخشەکان بدرێت، بەڵام خۆشباوەڕییەکان بەحیزبەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ساختەچی و درۆزن هەروەک بزوتنەوەی گۆران ویەکگرتوویی ئیسلامی وکۆمەڵی ئیسلامی دووبارە وچەندبارە نەکرێتەوە. بۆئەوەی ناڕەزایەتی و جووڵانەوە کۆمەڵاتییەکان لەسەرجەم بەشەکاندا لەساڵی ١٩٩١هەتا ڕۆژانی ١٧ی شوباتی ساڵانی ڕابردوو وەک فێرگەیەکی مێژوویی ببینین، بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی بەهەر یەکێک لەخەڵکی ناڕازی، کە زۆر بەسادەیی سەیر بکەین ڕێژەی پارێزەری دەسەڵاتداری ملهوڕ کەمینەن، بەڵام ئێمەی چینی چەوساوەو زەحمەتکێش و کرێکار و بێبەشکراو لەهەق دەست و موچەی ڕۆژانەو مانگانە زۆرینەین، ئەگەر هێزی چینایەتیمان یەک بخەین ئەوە دەسەڵاتی خێڵایەتی وبنەماڵەیی تاڵەبانی وبارزانی، دەسەڵاتێکی بەهێز نییە لە بەردەم تێکۆشان بۆ هێنانەدی ئامانج ومافە ئینسانییەکانمان لەکوردستان. بەڵام ئەوەی ڕێگرە لە تێکۆشانمان خودی خۆمانین و لاوازیی و جۆری تێکۆشانە بۆ هەبوونی ئیرادەیەکی بەهێز بۆ ڕێکخرابوون لەبزوتنەوەیەکی جەماوەری شوراییدا کە بەکرداری ئامانجی ئیدارەدانی شورایی لەخۆ بگرێت واتە خەڵک بەگشتی و گەنجان و لاوان بەتایبەتی ئیرادەی ئیدارەدانی کۆمەڵگەیان هەبێت. خودی گەنجان ولاوان زۆر بەباشی توانا و بەهرەی کارگێریان هەیە توانایی داهێنان وبەرهەمهێنانیان هەیە، بەڵام ئیرادەی ئیدارەدانی کۆمەڵگایان لەخۆ نیشان نەداوە، کەئەمە پێویستە کاری لەسەربکرێت، چونکە جەوهەرو ناوەڕۆکی هێنانەدی دەسەڵات و کۆمەڵگەیەکی باشترو پێشکەوتووتر لێرەوە دەست پێ دەکات کەخەڵک خۆی ڕاستەوخۆ بەکردار بەشداری ئیدارەدانی کۆمەڵگە بکات. ئەمەش لەکەم تەرخەمی و تەمبەڵی گەنجانەوە نییە، بەڵکو لەهەبوونی سەرکوت و ئیستبدای دەسەڵاتەوە بووە. کە هۆکاری ئەساسیش ئەوە ناڕێکخراوەیی جەماوەری چەوساوە خۆیەتی هەر جار ناجارێک ئۆپۆزیسیۆنێکی فێڵبازو هەڵخەڵەتێنەری دینی وقەومی و لیبراڵەوە، زەفەری بەگەنجان بەتایبەتی و خەڵک بەگشتی دەبات، هەموو جارەکان بەدرۆکانیان خەڵکی دیسان دەبەنەوە ژێرسێبەری حیزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی درۆزنی ساختەچی کە بەبانگەشەی هەڵبژاردن وپەرلەمان دەکەن، کەگوایە چاکسازیی دەکەن بەڵام خەڵک تەنها قوربانی داوە بەبێ ئەوەی سوودمەندبێت لەڕوویی ماددی ومەعنەوەیی یەوە. هەرچی خێر وسامان وپارەی کۆمەڵگەیەش لەڕێگەی دزی وگەندەڵی بۆحیزبەکانی پارێزەرانی دەسەڵات و هاوپەیمانی حیزبەکانی دەسەڵات و بەناوئۆپۆزیسیۆن بووە. خاڵی لاوازی ناڕەزایەتییەکان ئەوە بووە کە پچڕ پچڕوبەش و پەرتەوازە وناڕێکخراوبووە لە بزوتنەوەی جەماوەری ناڕازی دا. ئەم ناڕەزایەتییەی خەڵک کە لە هەنگاوەکانی داهاتوودا ڕووبەروی دەبێتەوە پێویستە باشتر خۆی بۆ ئامادە بکات بەڕێکخراوبوونی خۆی لەبزوتنەوەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی خۆیدا، چونکە نەک هەر دەسەڵاتی خستە بەردەم شاڵاوی هێرشی خۆی، کەبارەگا وێنەی سەرۆکە پیرۆزەکانی حیزبەکانی سووتاند بەڵکو کۆسپیشی بۆ حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی وەک یەکگرتوویی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی گۆڕان دروستکرد لەبەرئەوەی زۆر وشیارانە نەفرەت وبێزاری لەحیزبە بەناوئۆپۆزیسیۆنەکانیش نیشان دا کەبارەگاکانی سوتاند. گرینگترین هەنگاو ئەوەیە پێویستە لەگەڵ بەردەوامیدان بەناڕەزایەتییەکان کاری جدی و کرداری بکرێت بۆڕێکخراوبوونی

نارەزایەتییەکان بەستنەوەی بەیەکەوە لەرێگەی دامەزراندنی ئەنجومەنی شۆرشگێرییەکانەوە، ئەبێت سوود لە رووداو ونارەزایەتییەکانی رابردوو وەربگرین، ناکرێت بەهەمان شێوەو جۆر لەتاکتیک و بەرخودان وەک رۆژی ١٩ی نیسانی ساڵی ٢٠١١ بوو، کە هێزە ئەمنیەکان بەتەواوی دەست ئاوەڵا کرابوون بۆ پەلاماردانی خۆپیشاندەران، بۆ کۆتاییهێنان بە نارەزایەتیەکانی ١٧ی شوبات و رۆژانی دوایی، ئەوان هیوای زۆریان لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو بەم پەلامارە سەربازییە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان بهێنن، هەروەک بەرپرسە باڵاکانی حکومەت لەهەولێر و سلێمانی و شارەکانی تر بە لیژنەی ئەمنییەکانیان رایانگەیاندووە "بەئاشکرا کە لێرە بەدواوە هێزەکان دەستکراوە دەبن، واتە بەئارەزوویی خۆیان دەتوانن خەڵک سەرکوت بکەن و بکوژن و زیندانی بکەن و ئازارو ئەشکەنجە بدەن. بەردەوامیش لەبەردەم کەناڵەکانی راگەیاندن هەرەشە لەخەڵک دەکەن کەنابێت خۆپیشاندان لەدژی دەسەڵاتیان بکات، بەرپرسەکان دەڵێن کە چیتر رێگە نادەین خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت بەردەوام بێت". ئەمەش نیشانەی ئەوەیە لەجیاتی وەڵام بەخواستە رەواکانی خەڵکی نارازی بدەنەوە دوژمنایەتیان بەرامبەریان راگەیاند، بەزۆر یاساکانی فاشیزم وسەرکوت کردن دەسەپێنن. هەر بۆیە پێویستە خەڵکی تێکۆشەری نارازی باشتر دەسەڵاتە چەوسێنەرەکەی بناسێت و تێکۆشانی دڵسۆزانەی هاوپشتی لەناوخۆی کوردستان و لەدەرەوەی کوردستان بکرێت بۆ ریسوابوون و راماڵین و رووخانی ئەو دەسەڵاتە ملهورە. ئەم دسەڵاتە کوردایەتییەی باشووری کوردستان رۆژ لەدوای رۆژ گەشە بە ملهورێ و ئەنجامدانی تاوانی گەورەتر دەدات لەدژی مرۆڤەکان. هەربۆیە ناکرێت لەساڵی کۆتایی ٢٠٢٠ هەروەک ساڵی ٢٠١١ نارەزایەتی ئەنجام بدرێت، بەڵکو پێویستە بەهێنانەکایەوەی تاکتیک وشێوازو جۆری جیاوازتر لەرابردوو بەردەوامی بەنارەزایەتییەکان بدرێت، بەئەنجامدانی تاکتیکی خۆپارێزی وگرتنی هەر بارەگایەکی حیزبی و فەرمانگەیەکی حکومی راستەوخۆ بکرێتە شوێنی ئیدارەدانی کۆمەڵگە، دەسەڵاتی راستەوخۆی خەڵک بەیان بکرێت لە رێگەی شوراکان و ئەنجومەنە شورشگێرەکانەوە، بۆئەوەی ئەم شەپۆلە نارەزایەتییە ببێتە لافاو و زریانی راپەرینی سەراسەری کە کۆشک وبیناکانی زاڵمان و چەوسێنەرانی کوردستان لەبناغەوە دەربهێنێت، ئەم نارەزایەتییەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستان سەرەتای بزووتنەوەیەکی نوێیە کە رووخانی ئەم دەسەڵاتەی کردۆتە ئامانج و جموجوڵی جۆراوجۆر لەئارادایەو تارمایی شۆرش بەهێزتر دەبێت بۆئەوەی وەکو هەور بیکاتە بارانی شۆرش و راپەرینی سەراسەری، بۆیە پێویستە ئەم ئیرادە شۆرشگێرییە گەشەی پێبدرێت و هانبدرێت بۆئەوەی لەداهاتوو لەکارگە وگەرەکەکانەوە و لەناو فەرمانگە حکومییەکانەوە خەڵک خۆی کۆمەڵگە بەرێوەبەرێت. بۆیە دەبێت کۆی نارەزایەتییەکان لە بزوتنەوەیەکی شۆرایی جەماوەریدا رێکبخرێت لە ئۆرگانێکی شۆرشگێردا یەکبخرێت، ئۆرگانێک کە برەو بە جووڵانەوەکە دەدات و گیانی شۆرشگێری و بەرهەڵستی تێدا بەهێز دەکات و گەشە بەهیواکان وئامانج وئومێدە ئینسانییەکان وئاراستەی ئاسۆیەکی نوێی درەوشاوە نیشان بدات. بەرەو هەنگاونان تێکۆشانی هاوبەش و هاوخەباتی یەکگرتوانە بۆهێنانەدی ئامانجە ئینسانییەکانمان هەمیشە لەمەیدان بین. هیچ شارو ناوچەیەک و هیچ کۆمەڵەیەک یاخود بەشێک ناتوانێت خۆی بەتەنها رزگاربکات لەدەست ئەم جۆرە دەسەڵاتە چەوسێنەرە. ژنان بەتەنها ناتوانن خۆیان رزگاربکەن لەدەست کوشتن وبێ مافی ونایەکسانی، قوتابیانیش ناتوانن بەتەنها، مامۆستایان وکرێکاران وجوتیارانیش بەتەنها ناتوانن خۆیان رزگاربکەن. هەروەها بۆشارەکانی هەر راستە واتە خەڵکی شاری هەڵەبجەو سەید سادق، نە دەربەندیخان و کەلار و کفری، نەخەڵکی شاری سلێمانی و چەمچەماڵ و رانیە، هەروەها نەخەڵکی شاری هەولێر وسۆران و ئاکرێ نەخەڵکی شیلادزێ وکانی ماسی وزاخۆ ودهۆک ناتوانن بەتەنها هیچ بەدەستبهێنن. کەوایە راستییەکەی ئەوەیە ئەگەر شێوازو جۆری تێکۆشانی نارەزایەتییەکان نەگۆردرێت تەنها باجی زۆرو قوربانی زۆر زیاتر دەرێت، پارێزەرانی دەسەڵاتیش یاساکانی چەوسانەوە و نابەرابەری و سەرکوت وئیستبداد گەشە پێدەدەن. ئەم دەسەڵاتە سەرکوتگەرە کە دەسەلاتی میلیشیای و دامودەزگا سەرکوتگەرەکانی تا هەناسەیان تیا بێت درێغی ناکەن لە کوشتن و برین و گرتنی خەڵکی راپەریو و ئەشکەنجەدانیان لەزیدانەکان دا، دەبێت تێکۆشانمان یەک بخەین کەئەم دەسەڵاتە فاشییە لەدەسەڵات نەمێنێت و رابماڵدرێت. بۆیە گرینگ و پێویستە هەموومان دڵسۆزانە بەرگری لەسەرکەوتنی ئەم تێکۆشانە جەماوەری یە بکەین، هاتنەناوەوەی هەرچی زیاتری جەماوەر بۆ ریزەکانی خەڵکی نارازی و بەدەستەوەگرتنی هەرچی زیاتری ئامرازەکانی دەسەڵاتدارەیەتیانە. هەربۆیە پێویستە گۆرانکاری بکرێت لەشێوازو جۆری بەرخودان و نارەزایەتی کە دەبێت ئەم هێزە گەورەی نارازی خەڵک لەبزوتنەوەیەکی جەماوەریدا رێکخراو بکرێت. ئەم جووڵانەوەیە لەم پرشوبڵاوی و پارچە پارچە دەرباز بکرێت. بەدڵنیایی یەوە هێزلەهاوپشتی و رێکخراوبووندا کە بەرەو سەرکەوتن دەچێت. پێویست دەکات کەلەهەموو شارێک، لەهەمووشارۆچکەیەک لە هەموو گوندێک (شورا یان ئەنجوومەنە شۆرشگێرەکانی) خۆی دیاری بکات و هەمووشیان ببنە ئەڵقەی یەک زنجیرەی پێکەوە بەستراو، دواتر لەتێکۆشانی هاوخەباتی شۆرشگێری دا بەجێبەجێکردنی نەخشەرێگای ئینسانی بەرەوسەرکەوتن هەنگاو دەندرێت، هەرشارێک یان شارۆچکەیەک کە کەوتە دەست خەڵک راستەوخۆ دەسەڵات وئیدارەی شورایی خۆیان رابگەیەنن.

# هێرش بۆسەر خۆپیشاندەران و داخستنی کەناڵی ئین ئارتی، پەلەقاژەی مەرگی دەسەڵاتە!

جارێکی تر بەهۆی رومالّی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئەم دواییەی زۆنی سەوز و نیلی، دوێنێ ٦ دیسەمبەر کەنالّی ئین ئارتی لە لایەن هێزە ئەمنیەکانەوە داخراو، بەشێک لە کەلوپەلەکانی فەرهود کرا.

داخستنی کەنالّی ئێن ئارتی و هەر کەنالّ و دەزگاو میدیایەکی تری راگەیاندن، بەجیا لەهێرش بۆسەر ئازادی و ئازادییەکان و ئازادی کاری رۆژنامەگەری و میدیایی، بەشێکە لەو هێرشە فراوانەی دەکرێتە سەر خۆپیشاندەران و جەماوەری نارازی، کە بۆ موچەو خزمەتگوزارییەکان بەدەستی بەتالّەوە هاتوونەتە سەر شەقام. داخستنی ئەم کەنالانەو هێرش بۆ سەر میدیاکاران لە زۆنی سەوز و نیلی، بەشێکی جیانەکراوەیە لەو هێرش و رەشبگیریەی پارتی لە بادینان، کەبەدەیان لە هەلّسوراوانی سیاسی و بەشدار لە خۆپیشاندانەکان و رۆژنامەنووسانی تا ئێستا لە کونجی زیندانەدا راگرتووە.

داخستنی کەنالّەکانی راگەیاندن لەلایەن یەکێتی سۆشیال- دیموکرات!! و حزبی گۆرانی دەم کەفکردوو لەباسی چاکسازی... هەر هێرش نییە بۆ رێگەگرتن لە رومالّی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان و گواستنەوەی هەوالّ و بەرەوپیشچوونەکانی نارەزایەتیەکان... بەلّکو تەواوکەری ئەو هێرشە فراوانەیە کە بەلّەتەجیەکانی دەسەلاّتی بزوتنەوەی کوردایەتی بە جبەخانەیەکی فراوانی چەک و هێزێکی رەشەوە، لەسەراسەری کوردستان دەیکەنە سەر ئەو جەماوەرە نارازییەی کە بەبرین و نەدانی موچە و خزمەتگوزارییەکانەوە، ژیانیان لێ سەندراوەتەوە.

گرتن و راوەدوونان. زیندان شکنجە، داخستنی کەنالّەکانی راگەیاندن، وەکو چۆن بە فریای هیچ دەسەلاتێک نەکەوتووە، بەهەمان شێوە بە فریای دەسەلاّتی تالانچی و مافیایی و نۆکەر پیشەیی بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی ناکەوێت، بەلّکو تورەیی و نەفرەتی جەماوەری بەرینتر و فراوانتر دەکاتەوە و چاوی بەشێکی زۆر لەو جەماوەرەش دەکاتەوە کە بە نارەوا بوونەتە لایەنگر و زەخیرەی هێزی ئەو هیزە سیاسیە رەشانەی بە زۆری هێز و دەست بەسەراگرتنی قوتی هاولاّتیان، نزیک بە ٣٠ سالّە دەسەلاّتیان، داسەپاندووە.

جەماوەری ئازادیخواز و ئینسان دۆستی کوردستان، پێویستە چۆن بۆ موچە زەوتکراوەکانیان وە لەدژی دزی و تالاّنچێتی میلیشیایی حزبی لە مەیداندان، ئاواش دەخوازێت بۆ رامالّینی دیکتاتۆریەتی دەسەلاّت تێبکۆشن کە دەیانەوێت نوزە لە ئازادیی و ئازادییەکان ببرن و دەنگی "نا" ی ملیۆنی جەماوەری خامۆش بکەن.

داخستنی کەنالّی ئین ئارتی و کەنالّ و میدیای تر و دەستگیری رابەران و هەلّسوراوانی جەماوەری خۆپیشاندانەکان و هێرش بۆ سەر رۆژنامەنووسان... پەرلەقاژەی مەرگی دەسەلاّتە، مەرگێک کە تەنها لە رێگای بزوتنەوەی نارەزایەتی رێکخراو و نەخشەمەندانەو بە نەریتی شۆرشگێرانەی چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەلّگە لەدەوری ئاسۆیەکی ئینسانی پیشکەوتنخوازانە، دەتوانێ زامنی سەرکەوتن بکات و ئایندەیەکی ئینسانی ئازاد و ژیانێکی تەسەل و خۆشگوزەران، دابمەزرێنێ.

**بڵاوکراوەی بۆپێشەوە**

**7/12/2020**



# نەجمەدین فارس: ئەو جەماوەرە پێویستی بەخۆ ڕێکخستنە و بارگاوی کردنی بیرو بۆچوونیەتی بەبیرو زانستی مارکسیزم، جیاواز لە هەموو ئەو پارتانەی کە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەیە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز نەجمەدین فارس مارکسیست و نووسەر سەبارەت "بە هەژاری و بێ موچەیی و ئایندەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان"

**بۆپێشەوە: جارێکی تر جەماوەری کوردستان، دەستیان داوەتە نارەزایەتی و بەشێکیان هاتوونەتە سەر شەقام، هۆکاری ئەم نارەزایەتی و خۆپێشاندانانە چییە؟**

**نەجمەدین فارس:** سەرچاوەی هەموو نارەزایەتی و خۆپیشاندانێک، نادادپەروەریە، جا ئەگەر لەڕووی ئابووریەوە بێت، یان سیاسی، یا کۆمەڵایەتی بێت. ئەوەی لەم

## چارەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێستایە بەسیستمێکی دادوەرانەی بێ چین...

ناوچەیە دەگووزەرێت، خەڵک بەگشتی و توێژی موچەخۆرو خەڵکی زەحمەتکێش بەتاییەتی، دەرگیری هەرسی لایەنی جیاوازی و جیاکاری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، ئەمەش بەرئەنجامی خۆپیشاندانەکانە.

**بۆپێشەوە: بەشی هەرەزۆری خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان، ژیان و گوزەرانیان تا دێت بەرەو خراپتر دەچێت، ئەم خەڵکە چی بکات بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەرانی؟**

**نەجمەدین فارس:** بۆ هەموو کردەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەسەڵات فشاری پێ دەخاتە سەر دانیشتوانەکەی بەهەموو چین و توێژەکانیەوە، وەڵامی کردەیی دەوێت. پێش هەموو کردەیەک پێوویستی بەخۆ ڕێکخسنێکی هوشیارانەیە. لەبەرئەوە هووشیاربوونەوە گرنگە لەڕیزکردن و ئامانجی داخوازی و خۆپیشاندان و ئاڕاستەکردنیان. ئەگینا بەدەردی ڕابردوو دەچێت، چەند هێزو لایەنێک و چەند بەناو ڕۆشنبیرێک بۆ مەرامی ئابووری و سیاسی خۆیان، ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکانیان بۆ ئیمتیازی سیاسی و دیاری ئابووری بۆخۆیان گۆڕی.

**بۆپێشەوە: ئایندەی نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی ئێستای خەڵکی کوردستان چۆن دەبینن؟**

**نەجمەدین فارس:** بەداخەوە ئایندەی ئەم خۆپیشاندانانە بەهەمان دەردی ڕابردوو دەچێت. بەڵام دەبێتە ئەزموون و دەچێتە سەر ئەزموونەکانی تر. گرنگ وەرگرتنی وانەیە لێیان هەمان شت دووبارە و سێبارە نەبنەوە. بۆئەوەی ئەمانە چەندبارە نەبنەوە، ئەو جەماوەرە پێویستی بەخۆ ڕێکخستنە و بارگاوی کردنی بیروبۆچوونیەتی بەبیرو زانستی مارکسیزم، جیاواز لە هەموو ئەو پارتانەی کە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەیە.

## بەشێوەیەکی تر بڵێین درێژە نەکێشانی ئەم هەلوومەرجەی ئێستا، بەندە بە ڕێکخراو بوون و کۆبوونەوەی زۆرینەی کۆمەڵگە لە ڕێکخراوێکی مارکسیستی جیاواز لە هەموو ئەو پارت و ڕێکخراو و گرووپانەی کە بوونیان هەیە لە دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات، بۆ ئەوەی جووڵانەوەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان و داخوازیەکان، ئامانجەکانیان ڕوون و دروست وبەرهەمدار بن...

**بۆپێشەوە: نەک هەر موچەی فەرمانبەران کەمە و دوا دەخرێت، بەڵکو دوبارە هەڕەشەی کەم کردنەوەو بڕینیشی هەیە، هۆکاری ئەمە چییە؟**

**نەجمەدین فارس:** هۆکاری دواخستن و کەمکردنەوەی مووچەکانیان، سیستمی دابەشکردن و وەرگرتنە. بەمانایەکی تر، ئەوەی کۆمەڵێک لە ئۆلیگارشی سیاسی و ئابووری و سەربازی پاوانی هەموو لایەنەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکیان کردووە، بۆ خۆیان داهاتێکی گەورەو بەردەوامیان هەیە لە ڕێگەی تاڵان و بڕۆی سەروەت و سامانێک هەیە لەم هەرێمەدا کە مافی گشتی هەموو کەسێکە وەک یەک لێیان بەهرەمەندبێت. واتە سیستمی بەڕێوەبردنێکی ئۆلیگارشیانە سەرچاوەی بێبەشکردنی زۆرینەی خەڵکی ئەم هەرێمەیە.

**بۆپێشەوە: بەشێک لە یەکێتی و هەروەها گۆڕان، خوازیاری گواستنەوەی موچەی موچە خۆرانن بۆ سەر بەغدا، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**نەجمەدین فارس:** ئەمە شانخاڵیکردنەوەیە، لەو بەرپرسیاریتیە کە ئەم هێزە سیاسیانەی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات هەیانە بەرامبەر بە خەڵک و دەنگدەرەکانیان. ئەگینا گۆڕینی سیستم گرنگە، نەک گۆڕینی شوێن و ناوچەی پێدانی مووچە کە هەمان سیستم پەیڕەو دەکات. هەموو ئەمانە خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، بۆ ئەوەی درێژە بەهەژموون و دەسەڵاتیان بدەن بەسەر خەڵکدا. ئەم حیزبانە لەگەڵ یەکتری ململانێ دەکەن، لەسەرشان و بەگۆشت و ئێسقانی خەڵک. چارەسەر گۆڕینی سیستمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێستایە بەسیستمێکی دادوەرانەی بێ چین و توێژەکانی کۆمەڵگە.

**بۆپێشەوە: تائێستا دەسەڵات مل بەخواستی زۆر سادەی دابینکردنی هەلی کار، دانی موچە لەکاتی خۆیدا، دابینکردنی لانی کەمی خزمەتگوازارییەکان نادات درێژەی ئەم هەلومەرجە تاکەی دەبێت؟**

**نەجمەدین فارس:** بەشێوەیەکی تر بڵێین درێژە نەکێشانی ئەم هەلوومەرجەی ئێستا، بەندە بە ڕێکخراو بوون و کۆبوونەوەی زۆرینەی کۆمەڵگە لە ڕێکخراوێکی مارکسیستی جیاواز لە هەموو ئەو پارت و ڕێکخراو و گرووپانەی کە بوونیان هەیە لە دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵات، بۆ ئەوەی جووڵانەوەو خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکان و داخوازیەکان، ئامانجەکانیان ڕوون و دروست وبەرهەمدار بن، ئەم هەلومەرجانە درێژە نەکێشێت و نەبێتە نەخۆشیەکی درێژخایەن. هێزو لایەنەکان بۆ سوودی خۆیان بەکاری نەهێنن.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.
* ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە.



# سالار سۆفی: بڕیاری داخستنی خوێندنگەکان، تژییە لە بێسەرەوبەرەیی، نادادپەروەری، پەراوێزخستن، خاڵی دژبەیەك و بێباكی بەرانبەر بە چارەنووسی فێرخوازان...

## گفتوگۆ لەگەڵ سالار سۆفی وەرگێڕ و وانەبێژی زانكۆ لە فینلاند سەبارەت بە چارەنووسی پرۆسەی خوێندن و پەروەردە لەنێوان پەتای كۆڕۆنا و دەزگا بەرپرسەكاندا ...

**بۆپێشەوە: وەزارەتی پەروەردەی هەرێم بەهۆی کۆڕۆنا ڤایرۆسەوە خوێندنی ئەمساڵی بۆ دووەمین جار دواخستووە بۆ مانگی یەکی ساڵی داهاتوو... چۆن دەڕوانە ئەم دواخستنە؟**

**سالار سۆفی:** کاریگەرییەکانی بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا لەڕووی تەندروستی، ئابووری، پەروەردە و گەلێ ڕووی ترەوە لەسەر ئاستی هەموو جیهاندا ئاشکرایە و کوردستانیش لەم کاریگەرییانە بێبەش نییە. ژێرخانی ئابووری، بنەمایەکی گرنگی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەتایە و دەرهاویشتەکانییەتی، بەڵام ئابووریی هەرێمی کوردستان بەجۆرێک دارمێنراوە، کە نەتوانێت بەرگەی بارێکی قورسی لەم جۆرە بگرێت.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بڕیاردان سەبارەت بە کردنەوە یان داخستنی خوێندنگەکان، پرۆسەیەکی تەواو پیشەیی بێت، کە تیایدا فێرخواز و بەرژەوەندییەکانی، بکرێن بە چەقی گفتوگۆ و لێکدانەوەکان و سەرچاوەی بڕیارەکانیش. دیارە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کە بڕیاری کردنەوە یان داخستنی خوێندنگەکان دەدات، هەر ئەو دەسەڵاتەیە کە بەرپرسە لە قەیرانە سیاسی و ئابوورییە بەردەوامەکانی هەرێمی کوردستانیش، بۆیە ناکرێت بەشێک لە هۆکارەکانی داخستنی دەرگای خوێندنگەکان، بەو قەیرانانە و بەتایبەتی کێشەی بێموچەیی مامۆستایان و ئەگەری بایکۆتکردنی پرۆسەی خوێندن لەلایەن مامۆستایانەوە نەبەستینەوە.

بڕیاری داخستنی خوێندنگەکان، تژییە لە بێسەرەوبەرەیی، نادادپەروەری، پەراوێزخستن، خاڵی دژبەیەک و بێباکی بەرانبەر بە چارەنووسی فێرخوازان، بەتایبەتی فێرخوازانی لادێ و ناوچە دوورەدەستەکان و فێرخوازانی پۆلی ١٢. لەلایەکی ترەوە، بڕیارەکە وەک مێگەل ڕەفتاری لەگەڵ فێرخوازاندا کردووە، بێ ڕەچاوکردنی ڕادەی بڵاوبوونەوەی کۆڕۆنا لە ناوچە جیاجیاکاندا.

وەزارەتی پەروەردە بەرپرسی یەکەمە لە دابینکردنی بارودۆخێکی گونجاو و هاوتای خوێندن بۆ هەموو فێرخوازان، کەچی بۆ خۆدەربازکردن لە بەرپرسیاری، لەجیاتی دابینکردنی ئامراز و کەرەستەکانی خوێندن، لە بڕیارەکاندا بەشێوەیەک جیاکاری لە نێوان شار و بەشێک لە گوندەکاندا کراوە، کە بەهۆی نەبوونی ئەو ئامراز و کەرەستانەوە، پرۆسەی خوێندنیان ڕاگیراوە و پەراوێز خراون و لەناو نیشتیمانی خۆیاندا، وەک هاونیشتیمانی پلە دوو ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە. لە هەمان کاتدا، فێرخوازانی پۆلی ١٢، کراون بە قوربانیی بێبەرنامەیی دەزگا بەرپرسەکان و ڕووبەڕووی چارەنووسێکی نادیار و تاڵ کراونەتەوە.

**بۆپێشەوە: هاوکات لەگەڵ دواخستنی دەوامی خوێندن بۆ ساڵی داهاتوو، داوا لەبەشێک لە قوناغەکانی خوێندن کراوە، کە لەڕێگای ئۆنلاینەوە بخوێنن( لە سەر هێڵی ئەنتەرنێت)، تا چەندە خوێندنی ئۆنلاین دەتوانێت جێگای خوێندی ئاسایی و حزوری بگرێتەوە؟**

**سالار سۆفی:** وڵاتی فینلاند کە من تێیدا نیشتەجێم و پێشتر لە بواری پەروەردەدا کارم کردووە و ئێستاش لە خوێندنی باڵادا پشکی کارکردنم هەیە، لە پێشەنگی ڕیزبەندییەکانی وڵاتانی جیهانە لە بواری خوێندن و پەروەردەدا. لە وەرزی بەهاری ساڵی خوێندنی پاردا، دەزگا بەرپرسەکان بڕیاری داخستنی پۆلەکان و بەردەوامبوونی خوێندنیان بە ڕێگای ئۆنلاین دا. هەرچەندە ئەمساڵ لە سەرەتای دەستپێکردنەوەی ساڵی خوێندنەوە، خوێندنگەکان بە شێوەیەکی ئاسایی کراونەتەوە و هەوڵی قەرەبووکردنەوەی ئەو ماوەیەی پێشتر دەدەن، بەڵام تا ئێستاش مامۆستایان و بەرپرسانی بواری پەروەردە، نیگەرانی ئەوەن، کە نەیانتوانیوە قەرەبووی ئەو زیانانە بکەنەوە کە بەهۆی خوێندنی ئۆنلاینی وەرزی بەهارەوە، بەر کەرتی خوێندن و فێرخوازان کەوتووە. ئەمە لە کاتێکدا، کە فینلەند وڵاتێکی هەرەپێشکەوتووە لەبواری تەکنۆلۆژیا و دابینکردنی ئامراز و کەرەستەکانی خوێندنیش بۆ فێرخوازان. ئەگەر ئەم نموونەیە بەراورد بکەین بە ئاستی خوێندن و پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا، دەردەکەوێت کە ئەوەی پێی دەوترێت خوێندنی ئۆنلاین، چ وێرانەیەک دەخاتە سەر وێرانەکانی تری کەرتی پەروەردە و خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا.

**بۆپێشەوە: خوێندنی ئۆنلاین لانی کەم دەبێت پێداویستیەکانی لە(ئایپاد و تابلێت وکۆمپیوتەر...تاد هاوکات ئەنتەرنێتی بەردەوام بەخێرایی گونجاو هەیە)، لەدۆخی ژیان و گوزەرانی سەختی هاوڵاتیانی کوردستاندا، چۆن دەکرێت ئەوە زامن بکرێت؟ چ ئەرکێک دەکەوێتە سەر شانی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە؟**

**سالار سۆفی:** بەدڵنیاییەوە، ئەگەر وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەهەر هۆکارێکەوە بێت، توانای دابینکردنی خوێندنێکی ئاسایی ئاسوودە و تەندروستیان لە ناو پۆلدا نەبێت، ئەرکی وەزارەتەکان خۆیانە سەرجەم پێداویستییە گونجاوەکانی خوێندنی ئۆنلاین بۆ فێرخوازان دابین بکەن، بێ هیچ جیاکارییەک لەنێوان شار و گوند و خوێندنگە و ڕەگەزی فێرخوازان. ئەمە لەبەر خراپیی گوزەرانی خەڵک نییە، تەنانەت ئەگەر دانیشتووانی هەرێمی کوردستان خۆشگوزەران و هەبوونیش بن و هیچ قەیرانێکیش لە ئارادا نەبێت، دیسان ئەرکی حکومەتە پێداویستییەکانی خوێندن بۆ فێرخوازان دابین بکات. خەرجی هەموو ئەو پێداویستییانەش، دەبێت لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەلایەن وەزارەتە تایبەتمەندەکانەوە دابین بکرێت.

**بۆپێشەوە: هەلومەرجی ژیانی سەخت و گوزەرانی هاوڵاتیان چ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسەی خوێندن و پەروەردە هەیە؟**

**سالا سۆفی:** بەهۆی بارودۆخی ئابووریی ناهەمواری هەرێمی کوردستانەوە، بێموچەیی دەستی ناوەتە بینەقاقای خەڵکەوە. موچە مافێکی سەرەتایی هەر کەسێکە کە کارێک ئەنجام دەدات. ئێستا کە ئەم مافە زەوت کراوە، جگە لە موچەخۆران، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بازاڕ و کاسبکاران و تەنانەت دەستفرۆشانیش داناوە و هێندەی تر ڕێژەی بێکاری و خێزانانی خوار هێڵی هەژاریی زیاتر کردووە. فێرخوازان لە هەسارەیەکی ترەوە نەهاتوون، ئەوان منداڵی ئەم چین و توێژە بێموچە و بێکاسبی و بێکارەی کوردستانن، کە ڕەنگە بە جرەجڕ، فریای تێرکردنی سکی منداڵەکانیان و دابینکردنی کەپرێکی ئاسوودە بکەون، کە منداڵەکانیان تێیدا پارێزراو بن. لەم بارودۆخەدا، خێزان فریای کڕینی کەرەستەکانی خوێندنی ئۆنلاین و دابینکردنی ئامرازەکانی ناکەوێت و تەنانەت خوێندنیش بە کردەوە دەبێت بە پێویستییەکی لاوەکی، بەرانبەر بە مانەوەی منداڵەکانیان بە زیندوویی.

هەموو ئەمانە، دەبن بە هۆکاری بایەخنەدان بە فێربوون و دوورکەوتنەوە لە خوێندن و زیاتربوونی منداڵانی دەستفرۆش و کاری منداڵان و بەکارهێنانیان لەلایەن سەرمایەدارە چاوچنۆکەکانەوە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان و تەشەنەکردنی دیاردەکانی بەکارهێنانی منداڵان، بۆ کاری سێکسی و ماددە هۆشبەرەکان و تەنانەت بۆ کاری تیرۆریستیش. بەم جۆرەش پێگەی ئەو منداڵانە لە قوربانییەوە بۆ تاوانبار دەگۆڕدرێت. ئەمانە تەنها بەشێکن لە کاریگەرییە وێرانکارییەکان، لەسەر پەروەردە و خوێندن.

**بۆپێشەوە: ئایا سیستەمی پەروەردە لە کوردستان، چەندە سیستەمێکی تەندروستە؟ ئایا گرتنە بەری ئەو ڕێکارانە خوێندکاران دواناخات؟ چۆن دەکرێت خوێندکاران قەرەبووی ئەو دۆخە خراپە بکرێنەوە و ئایندەیان نەخرێتە مەترسیەوە؟**

**سالار سۆفی:** ئاشکرایە سیستەمی ئۆنلاین ئاستی پەروەردە و خوێندن وێرانتر دەکات، بەڵام کێشەی ئێمە تەنها لە سیستەمی پەروەردەدا نییە، بەڵکو زۆرینەی جومگەکانی بەڕێوەبردن لە وڵاتدا وێرانەیە. کەواتە بۆچی دەڵێین لەپێشدا پەروەردە؟ چونکە سیستەمێکی باشی پەروەردە، بنەمایە بۆ دروستکردنەوەی پایە پتەو و بەهێزەکانی داهاتووی کۆمەڵگە، لە سەرجەم بوارەکاندا. بۆیە ئەوانەی لەگەڵ گۆڕنگاریی ڕیشەیی ئەرێنین لە کۆمەڵگەدا، جەخت لە تازەکردنەوەی سیستەمی پەروەردە دەکەنەوە و ئەوانەش کە لەگەڵ بەردەوامیدان بە چەقبەستووی و نەزانی و دواکەوتووین، خوێندن و پەروەردە و زانست بێبایەخ دەکەن و بە وێرانکردنی سیستەمی پەروەردە، پایەکانی دەسەڵاتیان پتەوتر دەکەن.

سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا، سیستەمێکی دروستە بۆ بەردەوامیدان بەسیستەمی سیاسی و بەڕێوەبردنی ئێستای هەرێمی کوردستان، مۆدێلێکە، پڕبەپێستی مۆدێلی بەڕێوەبردنی ئەم هەرێمەیە، بۆیە بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی، پێویستیمان بە گۆڕانکاریەکی سەرتاپا هەیە. هەرگیز ناکرێت لەسەر پایەیەکی ڕزیو، باڵەخانەیەکی بەهێز و پتەو دروست بکرێت، کە بەرگەی هەموو گۆڕانکاری و بارودۆخە سەختەکان...

> گەڕانەوەی شکۆ بۆ مامۆستا، لە پێشینەی ئەرکەکانی چاککردنی سیستەمی پەروەردە و خوێندنە. تا شکۆی مامۆستا پارێزراو نەبێت، تا سەرەتاییترین مافەکانی دابین نەکرێت، تا پیرۆزیی مامۆستا لە سەرووی پیرۆزیی سەرۆکی حزب و خێڵ و کوێخا و گەداوە نەبێت، مەحاڵە چاکسازی لە پەروەردەدا بکرێت و شکۆ بۆ پەروەردە و خوێندن و زانست بگەڕێتەوە....

## درێژەی دوا وتە

هەروەها داوا لە مامۆستایانی!! ئاینی دەکەن کە وتارەکانیان تەرخان بکەن بۆ نیشاندانی زوڵم و ستەمی دەسەڵات و پشتیوانی لە خەڵکانی مەزلوم بکەن. هەروەها سەرچاوەی کیشەکان مەبەستیان کیشەی سیاسی یاسایی و ئیداری و داراییەکان بۆ خراپی "خراپی دەسەڵات" دەگێڕنەوە و خوازیاری دەسەڵاتێکن کە لە کەسانی سەربەخۆ و شارەزا، پێک بێت...

ئەم پەیامەی "کۆنگرەی دەنگە ناڕازییەکان" بەیانیان کردووە، خستەگەری هونەری رزگارکردنی دەسەڵاتە لە غەزەب و تورەیی جەماوەری و ڕوو سپیکردنەوەی رووی تاوانکارانەی زوربەی ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەشە کە لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا بەشدار و هاوکاری دەسەڵات و پشت و پەنای دەسەڵات و موچەخۆری دەسەڵات بوون... وە بانگەوازی پشت بەستن بە مەلاکان کە رۆڵی خۆیان بگێڕن، لە کاتیکدا ریزی وردو درشتی مەلا کاریان رازی بوونی بەندەکانی خوادیە بەو چارەنووسەی لە ئەزەلەوە بۆی دیاریکردون... رۆژانە بۆ حەلاکردنی باخەڵی گەرمی خۆیان کە دەسەڵات لە پشتیانەو خۆشیان پارێزەری دەسەڵاتن، و بۆ رازیبوونی بێبەشان و بەگیرفانی بەتاڵ و سفرە خاڵیەکانیان، دەفەرموون!! "لان شکرتم لازیدنکم" رازی بن بۆتان زیاد دەکەین...

ئەم ریزە لە بانگەوازچیان بۆ خۆپیشاندانی "ناتوندوتیژی" لە دژی "خراپی دەسەڵات" بە پشتیوانی رەوتە ئیسلامیەکان و مەلاکان... روون و ئاشکرایە، کە هەڵگری چ پەیام و ئەجندایەکی کۆنەپەرستانەن، کە دەیانەوێت خەڵکی کوردستان بکەنە قوربانی ئەو ئامانج و ئەجندا کۆنەپەرستانەیە.

چەندین ساڵە مامۆستایان و کارمەندان و چین و تویژەکانی کۆمەڵگە، ئیمزا کۆدەکەنەوە، کەمپەین وەریدەخەن، ماندەگرن، کۆدەبنەوە، بایکۆتی چەند مانگی وەریدەخەن، خۆپیشاندان دەکەن... بەو پەری ئارامی و بەدەستی بەتاڵەوەو بەو پەرێ هێمنی و ئارامییەوە، بۆ یەکجاریش دەسەڵاتی سیاسی گوێی بۆ داواو خواستی زۆر سادەی رەوایان نەگرتووە. لە سەرەتای خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەشدا بەهەمان شێوە، مامۆستایان و موچەخۆران و برسیەکان بەدەستی بەتاڵەوە هاتوونەتە سەر شەقام و داوای مافەکانیان دەکەن، بەڵام ئەوە دەسەڵاتە بە نەخشەوە بەتوندوتیژی وەڵامیان داخوازییەکانیان دەداتەوە تا کارادنەوەی جەماوەری بەرووی توندوتیژیدا بکاتە پاساوی هیرشی بەرینترو کوشتاری زۆرتر و ترساندنی کۆمەڵگە. خۆپیشاندانی "نا توندوتیژی" لەلایەن ئەم بەڕیزانەی کۆنگرەی دەنگە ناڕازییەکان!!، پاساوێکی ئاشکرایە بۆ پەردەدان بەسەر توندوتیژی وەحشیانەی دەسەڵات و خامۆشکردنەوەی خۆپیشاندانەکان و لە قاڵبدانی لەچوارچێوەی " ئارامی" یەکی ساختەدا... ئەگەر تالانی و سوتاندنی بارەگاو بینا حکومیەکان کاری نەخوازراو بێت، ئەوا دەست بەسەراگرتنی ئەو بارەگا و بینا حکومیانەو پاککردنەوەیان لە بەرپرسانی دەسەڵات، لەهەر گەرەک و شارو شارۆچکەیەکدا نەریتێکی خەباتکارانە و هەنگاوێکی پیشرەوانەیە، لە راستای راماڵینی دەسەڵاتدا. بەتایبەتیش کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا لەدەستی حزبدا بەرجەستەیە.

برسێتی و بی موچەیی، و سەرکوتی سیاسی، سەرچاوەی نائارامی و پشیوی کۆمەڵایەتییە. و کەس ناتوانێت تاسەر ئەو نائارامی و پشێوییە کۆمەڵایەتیە، کەدەسەڵات بەرپرسیارە لێی، بە خامۆشی بهێڵیتەوەو داوا بکات لە جەماوەر کە تورە نەبن، دڵفراوان و بێدەنگ و خامۆش بن و کە نارەزایەتیشتان دەربڕی بیرتان نەچیت گوڵ بەدەست بن لەبەرامبەر بەڵەتەجیەکانی دەسەڵات و ئەو هەموو تۆمەت و ناو ناتۆرەو سوکایەتیەی کە بەرامبەریان دەکریت.

"خراپی دەسەڵات" گوایە هۆکاری کێشە سیاسی و یاسایی و ئیداری و دارایی... خراپی دەسەڵاتە، واتە دەیانەوێت ئەو دەسەڵاتە لە خراپیەکانی دوربخەنەوە، چاکسازی تیا بکەن، ئەوانە لاببەن و کەسانی شارەزا و سەربەخۆ بیتە جێگەیان، تا سیستەمی سیاسی خراپیەکانی نەمێنێ و کێشەکانیش چارەسەر ببن.

چ حکیمەتێک لە حیکمەتی ئەو دەربرینانەدا هەیە. لەهەموو دنیای سەرمایەداری ئێستادا دەسەڵاتێک نادۆزیتەوە، کە خراپ نەبێت و جەماوەری بێبەش و لەخوارەوەی کۆمەڵگە ناڕازی بەدەسەڵات و سیستەمی سیاسیەکەی نەبن، ئەوەی لە کوردستان هەیە خراپی دەسەڵات نییە، بەڵکو دەسەڵاتێکی مافیایی و بنەماڵەیی و نۆکەر پیشە هەیە. دەسەڵاتێکە لە بنەرەتدا لەسەر بنەمای تالانی، دزی و سەرکوت و بۆشایی و ململانی وڵاتانی ناوچەکە و خۆشخزمەتی بەوان دامەزراوە، کە نەک ئامادە نییە بەشێک، بەشیکی زۆر کەمیش لە داهات و سامانی کۆمەڵگە، بۆ کۆمەڵگە بگێڕێتەوە، بەڵکو موچە و حەقدەستی رەوای موچەخۆرانیش نادات. ئەمە دەسەڵات نییە تا خراپ بێت و چاکسازی تیا بکرێت، بەڵکو گروپی مافیایی حزبین کە هەم هەرێمیان شەق کردووە هەم داهاتیان بۆ خۆیان بەش کردووە، هەم هێزی چەکداری خۆیان تەیاری کپکردنەوەی دەنگە نارەزایەکان و پاراستنی دەسەڵاتی بنەماڵەکانیان کردووە. بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات لەلایەن کەسانی شارەزو سەربەخۆ!! بەبێ راماڵینی ئەم دەسەڵاتە مافیایە لەوەهم وەهمترە...

لەوانەش بترازێت، ئەم بەڕیزانە دەتانەوێت هەمان سیستەمی سیاسی بە درۆی "دیموکراتی پەرلەمانی!!"یەوە، سازبدەنەوە، و خەڵک ئومیدەواری هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بکەن، تا ئابڕو بۆ کایەی هەڵبژاردن لە ژێر سایەی میلیشیادا، بگێرنەوە، لە کاتێکدا بەکردەوە سەلماوە کە لە رێگای هەڵبژاردنەکانەوە هیچ ئاڵوگۆڕیک لە بنەمای سیستەمی سیاسی کوردستاندا لەتوانادا نییە و کەسانی شارەزاو سەربەخۆ، پێویستە بەشیک بن لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ راماڵینی سەرجەم سیستەم و دەسەڵاتی سیاسی ئیستا، بە حکومەت و پەرلەمانی کارتۆنیشەوە، کە بەشی زۆری ئێوە لە لەوەڕگاکەی ئینتالاتان کردووە. لە داهاتەکەی کەی خەڵکی کوردستانە ژیانی شاهانەتان بۆ خۆتان و خێزانەکانتان فەراهەم کردووە. زیانی ژنی قایماقیمی سەید سادق بەس لە ئاڵتونەکانی، نزیک دە دەفتەر دۆلارە لەخۆپیشاندانەکانی ئەم دوایە... ئەم هەموو دەفتەرە دۆلارەی لەکوێ بووە؟ ئەی زیانی خانووەکەش ٨ دەفتەر دۆلارە؟ لەکوێیان بوو، لە کوێتان بوو؟ ... ئێوە کە مانگانە چەندین ملیۆن دیناری ئەندام پەرلەمانی و خانەنشینی وەردەگرن، چۆن دەتوانن ببنە هەڵگری خواستی کریکار و کارمەند و لاوێکی بێکار و کەم ئەندامێک و خانەنشینێکی شارستانی...

سیستەمی سیاسی هەرێم و دەسەڵاتداریتیەکەی چاکسازی هەڵنەگرە، و خودی سیستەمە سیاسیەکە دەبێ جێگای خۆی بدات بە سیستەمێکی سیاسی تر، کە راستەوخۆ دەسەڵاتی سیاسی جەماوەری و لەڕێگای بەشداری چالاکانەی هاوڵاتیان لە دارشتنی سیاسەت و جیبەجیکردندا فەراهەم بکات، ئەم سیستەمەش سیستەم و دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەرییە، سیستەمی شوراکانە. سیستەمێکە پشت بە کۆبونەوەی گشتی هاوڵاتیان لە کارگەکان، ناوەند خزمەتگوزارییەکان، گەرەکەکان، دەبەستێت و لەو کۆبونەوە گشتیانەدا راستەوخۆ و ئازادانە هاوڵاتیان نوینەرانی خۆیان لەکەسانی خەم خۆر، ناسراو، دلسۆز، جیگا متمانە هەڵدەبژین و دەبنە نوینەری ویست و داخوازییەکانیان و هەرکاتیکیش کەسێکی هەڵبژیردراو لە ئاستی متمانەی و جێ بەجیکردنی داواو ویستی هاوڵاتیانیدا نەبوو، لە کۆبونەوەی گشتی داهاتوودا لادەبرێت و جێگاکەی بە بەکەسی تر پڕ دەکرێتەوە کە راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت...

ئەم بەڕیزانەی" کۆنگرەی دەنگە ناڕازییەکان" دوورو نزیک نوینەرایەتی هیچ خواست و بەرژەوەندیەکی جەماوەری بۆ کۆتاییهینان بە سیستەمی سیاسی و ئەلگۆی دەسەڵاتداریتی کە دیموکراسی پەرلەمانی شکست خواردووە، ناکەن و لەگەڵ دامەزراندنی سیستەمێکی نوێ نین، کە نوینەرایەتی راستەخۆی جەماوەری بکات و ئیرادەی سیاسی بۆ هاوڵاتیان بگێرێتەوە، بەڵکو بەدوای رتوش کردن و رازاندنەوەی هەمان سیستەمی گەنیوون بە دەم چاوی تازەوە.

خەڵکی کوردستان و بەشی پێشرەوی نەک نابێت فریوی بانگەشەی ئەو ئەندام پەرلەمانانە بخۆن کە خۆیان تەسەل و حزبەکانیان بەشێک لەدەسەڵات و ژیانیان لەسەر قوتی خەڵکی کوردستان شاهانەو لە بەرامبەر بە سیستەمی گەنیوی ئێستاشدا، دەیانەوێ نارەزایەتی و تورەیی خەڵکی کوردستان بکەنە زەخیرەی چاکسازی و رتوشکردنی دەسەڵات، لە راستیدا ببنە رزگارکردنی دەسەڵاتی ئێستا. ئەوەی کە نەخشەی رزگارکردنی دەسەڵات و سیستەمی گەنیوی ئێستا دەخاتە دەستوورە، بەشێکە لە بەرەو هەوڵی دژە جەماوەری و دژە شۆرشی بێبەشان.

**ناوەڕاستی دیسەمبەری ٢٠٢٠**

## درێژەی... دیمانە لەگەڵ سالار سۆفی

بگرێت. چارەسەرکردنی ئەم وێرانەیەی پەروەردە و خوێندن، هەڵوێست و بڕیار و پێداگرییەکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینەی گشتگیر و پتەوی دەوێت. بەداخەوە بەهۆی نەبوونی ویستی ڕاستەقینەی چاکسازی و نەگونجانی لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی بڕیاردەرانەوە، لە داهاتووی نزیکدا، ئاسۆیەکی گەش بۆ چاکسازییەکی بنەڕەتی نابینرێت.

هەنگاوێکی گرنگ، کۆتاییهێنانە بە پڕۆسەی بەتایبەتکردنی کەرتی پەروەردە، ئینجا دارِشتنەوەی سیستەمی پەروەردە لەسەر بنەمایەکی پیشەیی هاوچەرخ، دوور لە هەموو کایەیەکی حزبی، دوور لە هەموو ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژی و ئاینیی بەرتەسک، دوور لە هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی. لەم نێوەدا شێواز و ئامرازەکانی وانەوتنەوە و ناوەڕۆکی بەرنامەکانی خوێندن، بایەخێکی گرنگیان هەیە و پێویستە لەسەر بنەمای توێژینەوە و ئامار و ئەنجامگیریی پیشەیی بڕیاریان لەسەر بدرێت.

چاکسازی لە پەروەردەدا بە گشتی و لەم بارودۆخەدا بەتایبەتی، بودجەیەکی باشی دەوێت، بۆیە زۆر جار بیانووی سەرەکیی کاربەدەستان، نەبوونی بودجەیە. کەچی لەولاوە، بودجەی گەورە بۆ کەرتی سەربازی تەرخان دەکرێت، بێ ئەوەی هەست بە پارێزراویی زیاتر بکەین، یان بۆ هەندێک لە کەناڵ و دەزگا مشەخۆرەکانی تر کە کەرتی پەروەردەی پێ وێرانتر دەکەن، نەک چاکتر.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم؛ گەڕانەوەی شکۆ بۆ مامۆستا، لە پێشینەی ئەرکەکانی چاککردنی سیستەمی پەروەردە و خوێندنە. تا شکۆی مامۆستا پارێزراو نەبێت، تا سەرەتاییترین مافەکانی دابین نەکرێت، تا پیرۆزیی مامۆستا لە سەرووی پیرۆزیی سەرۆکی حزب و خێڵ و کوێخا و گەداوە نەبێت، مەحاڵە چاکسازی لە پەروەردەدا بکرێت و شکۆ بۆ پەروەردە و خوێندن و زانست بگەڕێتەوە.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

bopeshawa@gmail.com

بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:

abdulla.mahmud@gmail.com

بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:

www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید

نووسەرانی ئەم ژمارەیە:

خەسرەو بۆکانی، شوانە حەسەن،ئاراس رەشید، عەبدوڵا مەحمود، سەردار عەبدوڵا حەمە، هیوا ساڵح، کاوان قادر، سەردار عەبدوڵا، عبدالرحمن رەسوڵ،جەمال نوری، عومەر دەروێش،خالید بایەزیدی، حەکیم میرزا

لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت
سەبارەت"سەبارەت بە هەژاری و بێ موچەیی و ئاییندەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان"

# قوربانیانی دەستی بەڵتەجیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی...




ئەو وێنانەی دەیان بینن، قوربانیانی دەستی هێزەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتین. ئەو لاو و تازە لاوانە کە لە خۆپیشاندانەکاندا بوونە قوربانی، ئەو ئینسانە دڵپڕ لە هیوا و ئارەزوانە بوون، کە دەیانویست هیچی تر خەڵکی بێبەشی کوردستان نەبنە قوربانی دەسەڵاتی چاوچنۆکی سەرمایەو سەرمایەداران. دەیانویست موچە و نان و ئازادی و ژیانێکی شکۆمەندانەیان هەبێت، کەچی بەدەستی چەکدارەکانی حزبەکانی پارێزەری سەرمایە، کرانە قوربانی و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە گیانیان لێ سەندرایەوە.

تاوانی هەم لاو و تازە لاوانە، تەنها و تەنها داواکاری موچەو ئازادی و خۆشگوزەرانی و شکۆی ئینسانی بوو، کە دەبوایە خەڵات لەپێناو گیانبازی و تێکۆشانیان لە یەخە درابا، کەچی بەچەکی گەرمی دەسەڵاتی ویژدان سارد و بەستوو، سنگ و یەخەیان، کونکرا و بۆ هەمیشە لە ئامێزی خۆشەویستی دایك و باوك و خێزان و هاوڕێ و هاوکار و هاوچارەنووسەکانیان، دورخرانەوە و ژیانیان لێ سەندرایەوە.

بەرزو بەرێز بێت، یادی خەباتکارانەتان

کاروانی ڕێگای ئازادیتان، ناوەستێت

مەرگ و نەفرەت، لە دەسەڵاتی بکوژ و تاڵانچی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتی...

دوا وتە

## کۆنگرەی دەنگە ئازادەکان...هەوڵێك بۆ ڕزگارکردنی دەسەڵات!

عەبدوڵا مەحمود

ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانی تەسەلی بەشدار لەدەسەڵاتی مافیاکان، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندام پەرلەمانی خانەنشین و چەند کەسی تر کە بەداخەوە لەوەدەچیت بە هەڵە کەوتبێتنە ناویان، لە کایەکی خۆسەپێن و لە گەمەیەکی دەست ئاشکرادا، بۆ خۆبەستنەوە بە خۆپیشاندان و نارەزایەتی حەقخوازنەی جەماوەری، لەدەوری یەک کۆبونەتەوەو



قەسەم دەخۆن، کە لەپاڵ جەماوەردان. ئەم قارەمانە گیرفان پڕانەی کوردایەتی، لەکار دابەشکردنێکی نەشازدا، هەندیکیان لە پەرلەمان کەنارەگیریان کردووە، بەستەزمانانە لەدەسەڵات دەپاڕینەوە کە دەستپارێزی بکەن و لەخەمی خوێنی ڕژاوی دەستی تاڵانچیەکاندا لەپەرلەمانی کارتۆنیدا خۆیان مات کردووەو دوا دەکەن، دەسەڵات بەبەزەیی دڵ نەرم بێت و توندوتیژی لەدژی خۆپیشاندەران نەکەن. بەشێکی تریشیان عاشقی شەقامن و بانگەوازی خۆپیشاندان دەکەن و بەڵێن بە جەماوەر دەدەن کە پشتیان تێناکەن و لەگەڵیان دەمێنەوە.

ئەم کاراکتەرە سیاسیانە، کە زوربەیان ئەندام پەرلەمانی پێشوو وە ئێستان، هاوکات زوربەیان سەر بە رەوت و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانن کە بەشداری دەسەڵات و پێکهێنەری کابینە یەک لەدوای یەکە شکستخواردوەکان بوون. لە ئێستادا و لە غیابی هێز و رەوتی سیاسی رابەر و رێنوینەدەر و سازدەر و هێزێکدا کە ئالاهەڵگری بەسەرکەوتن گەیاندنی بزوتنەوەی خرۆشاوی جەماوەری بێت تا کۆتایی... دەیانەوێت رۆڵی فریادرەس بگێرن و وەکو پاڵەوانی رزگاری بەخشی جەماوەری ببنە رابەر و قسەکەری ئەم جولانەوە سیاسیەی لەسەرەتای ئەم مانگەوە دەستی پێکردووە بۆ رامالینی دەسەڵاتی دزو مافیا و تالانچیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی. وە بەڵین دەدەن و داوا لە کۆی هاولاتیانی (کۆنگرەی دەنگە نارازییەکان) دەکەن، کە خۆپیشاندانی( ناتوندوتیژی) ئەنجام بدەن و دوا لە لایەنەکانی دەرەوەی دەسەڵات "یەکگرتووی ئیسلامی، نەوەی نوێ، کۆمەڵی ئیسلامی، حزبی شیوعی" دەکەن، کە پشتیوانیان بن

بۆ لاپەڕە 14